# پێگەی ئەقڵ و سەفسەتە

لە لای


## عەلی وەردی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

## پێگەی ئەقڵ و سەفسەتە

لە لای

# عەلی وەردی

لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریی شیکارییە

رابەر تەلعەت

ناوی کتێب: پێگەی ئەقڵ و سەفسەتە لە لای عەلی وەردی

نووسینی: رابەر تەلعەت

بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٧٩١

هەڵەگری: بۆکان نوری

پیت لێدان و دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: فەهمی ئەکرەم

بەرگ: مریەم موتەقییان

چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٨

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٧٧١ی
ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

## سەرەتا

هەر لەگەڵ ناوهێنانی ئەقڵ، مەسەلەی بیرکردنەوە و چالاکییە فیکرییەکانیش دێنە گۆڕێ، ئەقڵ ڕێکخەری فیکر و ئامرازی بیرکردنەوەیە لای مرۆڤ. بیرکردنەوەیەکی ئەقڵانیش لەوەدا خۆی دەردەخات کەوا بەفیلتەری ئەقڵدا تێدەپەڕێت و بنەما ئەبستراکتەکانی خۆی لەسەر ئەقڵ دادەمەزرێنێت.

سەبارەت بەفیکریش ئەوا ئەقڵ تێیدا کۆڵەکەیەکی سەرەکییە، لەگەڵ ئەوەشدا وابەستەیە بەواقیعەوە، وابەستەیی نێوان فیکر و واقیع لەو خاڵەوە سەرچاوە دەگرێت کە دەمانەوێت بزانین کامیان زۆرترین کاریگەرییان هەیە بەسەر ئەوی دیکەوە، کامیان بەرهەمهێنەرن بۆ ئەوی کەیان، فیکر یان واقیع؟

لە ڕاستیدا وەڵامێکی کۆتاییمان لە بەردەستدا نییە بۆ ئەم پرسیارانە، چونکە وابەستەیی نێوان ئەم دووانە زۆرتر لە بازنەیەکی داخراو دەچێت کە خاڵی سەرەتا و کۆتاییی دیار نییە.

بەو مەبەستەش پێویستیمان بەئەقڵانییەتێکی تازە هەیە، ئەقڵانییەتێك لەسەر بنەمای ڕەخنە و شیکردنەوە، ئەقڵانییەتێك بتوانێت پێوەندی لە نێوان فیکر و واقیع دروست بکات و خۆی لەو وەهمە ڕزگار بکات کە وەك واقیع سەیری فیکر بکات و لە هەمان کاتیشدا پێی وابێت فیکر بەتەنیا دەتوانێت هەموو واقیع بەرجەستە بکات، پێویستە چیدی بەشێوەیەکی ئەفسانەیی و لەسەر بنەمای دۆگماتیزم و لاهوتییەت هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەقڵدا نەکرێت.

هەروەها پێویستە بوترێت کەوا فیکر چالاکییەکی سەربەخۆیە و واقیعی خۆی هەیە و پراکتیزەکردنێکی وجودی داهێنەرە و لە گۆڕاندایە و پێوەندییەکە پڕ لە ناسەقامگیری و هەڵکشان و داکشان.

لە ڕاستیدا لە پشت هەر پرۆژەیەکی نوێبوونەوە و نوێگەریشدا، لە پشت هەر بانگەوازێکەوە بۆ نوێگەری، پێویستە ئەقلانییەتێکی ڕەخنەگر و داهێنەریش ئامادەیی هەبێت، ئەرکی ئەم ئەقلانییەتەش جارێکی دیکە ڕەخنەگرتنە لە خۆی نەك ئەوەی ببێتە ئەقلانییەتێکی لاهوتی. ئەگەر نەمانتوانی بەم ئەرکە هەڵسین ڕەنگە مەسەلەکە بەجۆرێکی دیکە بەسەرماندا بشکێتەوە و ئەقلانییەت بگۆڕێت بۆ بووتپەرستی و گوتاری نوێبوونەوەش دواکەوتن و چەقبەستوویی بەدواوە بێت و لە پاڵ بانگەشەکردنمان بۆ ئازادیش ستەم و کۆیلایەتی بخەینەوە.

لە لایەکی دیکەشەوە چۆن دەتوانین هەقیقەتی فیکر بەمانا کلاسیکییەکەی تێپەڕێنین و ئەو لۆژیکە تێك بشکێنین کە وەك ماهیەت و سروشتێکی نەگۆڕ چاو لە فیکر دەکات، وەك پراکتیك و جێبەجێکردن لە هەموو کات و سەردەمێکدا و بەبێ دەسکاری؟!

ئەم تێپەڕاندنە توانای زیاتر و زیاتر دەبەخشێتە فیکر، هەلی ئەوەی بۆ دەڕەخسێنێت تاکو پێ بنێتە نێو ئەقلانییەتێکی تازەوە، لە پێناو جارێکی دیکە ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان فیکر و هەقیقەت: فیکر داگیرکردن و دەست بەسەراگرتنی هەقیقەتی ماهیەتی یان ماهیەتی هەقیقەت نییە، ئەوەندەی پەیوەندییەکە لەگەڵ ئەو شتانەدا دروستی دەکەین کە خۆیان سروشتێکی وەرچەخاو و وەبەرهێن و داهێنەریان هەیە کە ئەمەش پەیوەندییەکە ناپچڕێت بەڵکو وەردەچەرخێت و لەگەڵ خۆشیدا شێوازی هەڵسوکەوت و جووڵانەوە لە تەك بیروباوەڕ و فیکر و ڕووداوەکان لە ئێستادا دەگۆڕێت، بەشێوەیەك دەبێتە مایەی دووبارە دروستکردنەوە و ئەفراندنی جیهان لە ئاستی فیکردا(١).

ئەقلانییەت ڕێگە و شێوازێك نییە بۆ دۆزینەوە و کەشفکردنی هەقیقەت،

---

(١) علي حرب، الماهية والعلاقة نحو منطق تحويلي، الطبعة الاولى ١٩٩٨ بيروت. ص١٤٠.

بەقەدەر ئەوەی پانتاییەکی فراوانە بۆ جووڵانەوە بۆ هەڵسوکەوتکردن لە تەك چەندین هەقیقەتدا، هەروەها ئەقڵانییەت ناتوانێت کۆڵەکە سەرەکییەکانی خۆی لەسەر یەك تاکە هەقیقەت بنیات بنێت، چونکە خودی ئەقڵانییەت خۆی گوزارشتە لە پەیوەندییەکی ڕەخنەئامێز لە نێوان ئەقڵ و ئەو شتەی کە وەك هەقیقەت خۆی دەناسێنێت، ڕەخنەیەك کە ئەقڵ بۆی هەیە ئاراستەی هەموو ئەو شتانەی بکات کە خۆیان لە خانەی هەقیقەتدا ڕیز کردووە. ئا لێرەدایە ڕۆڵ و گرینگی ئەو ئەقڵانییەتە بەدەردەکەوێت کاتێك دێت لە نێو دنیایەك لە هەقیقەتی جیاواز و ناکۆکدا داوەری دەکات، نەك ئەوەی خۆی ببێتە بەشێك لەوان، ئەمەش مانای ئەوە ناگەینێت کە لێرەدا و لە نێو ئەم جەنجاڵییەی هەقیقەت و ماناکاندا، ئەقڵ بێلایەنییەکی ڕەها بەخۆیەوە دەبینێت، چونکە دواجار ئەقڵ و مرۆڤیش کە خاوەنەکەیەتی بەشێکن لەو بوونە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بوونی ئەقڵانییەتێکی ڕەخنەگرانە وا لە مرۆڤ دەکات کە زیاتر و زیاتر خزمەت بەمرۆڤبوونی خۆی بکات کە ئەقڵانییەت بۆ خۆشی پرۆژەیەکە هەمیشە جێگەی ڕەخنە و تاوتوێکردنە.

شایانی ئاماژە بۆ کردنە لە نووسینەکانی عەلی وەردیشدا هێرشێکی توند بەدی دەکرێت بۆ سەر ئەو تەرزە لە بیرکردنەوە یاخۆ لۆژیکێك کە خۆی بەلۆژیکی کۆن ناوی دەبات «المنطق القدیم». لۆژیکێك هەموو شتەکانی ئەم جیهانە دابەش دەکات بەسەر ڕەش و سپی، باش و خراپ، فریشتە و ئەهریمەن و...هتد، واتا ئەو لۆژیکە هەموو شتەکان لە تەنیا ڕوویەکەوە دەبینێت و ناتوانێت پێشبینییەکی دیکەی بۆیان هەبێت. بەڵکو لە بەراییدا بڕیاری خۆی لەسەر شتەکان دەدات و هیچ ئەگەرێك لە بەردەم لێکدانەوە و بۆچوونێکی جیاوازدا ناهێڵێتەوە.

لە پاڵ ڕەخنەکانیشیدا کە ئاراستەی ئەم لۆژیکەی دەکات، عەلی وەردی بەتوندی بەگژ خۆبەزلزانییەکانی ئەو ئەقڵانییەتەشدا دەچێتەوە کە پێی

وایە لە توانای ئەقڵی مرۆڤدا هەیە بگات بەهەقیقەت و هەر شتێکیش سنووری ئەم ئەقڵانییەتە ببەزێنێت پووچ و بێ ناوەڕۆکە و ناکرێت باوەڕی پێ بکەین. وەك دەبینین لێرەدا ئەو ڕەخنانەی عەلی وەردی کە ئاراستەی لۆژیکی کۆن و ئەقڵانییەتی سەر بەم لۆژیکەی دەکات، ڕەخنەیەکە لەوانەیە چەند قۆناغێکی زۆر گرینگ لە ڕێڕەوە مێژووییەکەی فیکر و فەلەسەفەدا بگرێتەوە، واتا هەر لەو سەردەمەوە کە تێدا ئەفلاتوون و ئەرستۆ میتۆدی ئەقڵانی خۆیان داڕشتووە، درێژ دەبێتەوە تا دەگات بەهەموو ئەو کەسانەش کە زۆر دوای ئەوان پەیڕەوییان لەم میتۆدە کردووە و پەیڕەویشی لێ دەکەن.

لێرەشەوە بۆ ئەوەی زیاتر لە بنەمای ئەو ڕەخنانە و بیروڕاکانی عەلی وەردی لەم بارەیەوە تێ بگەین، لە چوارچێوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هەوڵ دەدەین بۆ سیاقی مێژوویی ئەو ئەقڵانییەتە بگەڕێینەوە کە تێیدا سەریهەڵداوە و گەشەی کردووە. هەر لەوێشەوە دەچینە سەر باسی بزوتنەوەیەکی فیکری گرینگ بەناوی سۆفیستەکان، کە لەو سەردەمەدا لەگەڵ ڕێبەرانی لۆژیك و ئەقڵانییەت لە نموونەی ئەفلاتوندا شەڕ و ململانێیەکی بەهێز لەسەر فیکری فەلسەفیدا لە نێوانیاندا دروست دەبێت و بەپاشکەشەی سەفسەتە بەرامبەر بەئەقڵانییەت کۆتایی پێدێت. ئێمەش لە سیاقی ئەو مێژووەوە هەڵوێستی عەلی وەردی مان سەبارەت بەهەریەکە لەوان بۆ ئاشکرا دەبێت.

هەروەك چۆن عەلی وەردی لەوەش ئاگەدارمان دەکاتەوە کەوا لە کاتی دادوەری کردنماندا لە نێوان ئەم دوو ئاراستە فیکرییە، واتا ئەقڵانییەکان و سۆفیستەکان، نابێت بڕیاری یەکلایکەرەوە بدەین و بەهەمان شێوە بانگەشە بۆ گوتنی جۆرێك لە هەقیقەت بکەین، بەڵکو دەبێت هەمیشە فەزای مەعریفە بەکراوەیی بەجێبهێڵین و ڕێگە بەهاتنە ژوورەوەی ئاراستە جیاجیاکانی دیکەی زانستی و فیکری بدەین بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی گەڕان و سۆراغکردنی هەقیقەتەدا.

پرۆتاگۆراس کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی سۆفیستەکان دەڵێت: «مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە» ئەمەش مانای ئەوە دەگەیێنێت کەوا هیچ هەقیقەتێکی بابەتی بوونی نییە، بەڵکو هەقیقەتەکان پەیوەندیان بەباوەڕی مرۆییەوە هەیە. ئەو قسەیەش خاوەنەکەی دەکات بەفەیلەسووفێکی تەواو ڕێژەگەرا، تەنانەت لە فەیلەسوفانی دوای مۆدێرنیتەش.

هەروەها پرۆتاگۆراس پێی وایە فەلسەفە شتێك نییە زیاتر لە هونەرێکی وتاربێژی، یان هونەری باوەڕپێهێنانی زمانەوانی «ئەگەر بێت و لێهاتووییەکت هەبێت لەم لایەنەوە ئەوا لە گفتوگۆدا بە کەڵکت دێت». بەم شێوەیەش لە سەرێکەوە دەتوانین بڵێین «سەفسەتە» جۆرێکە لە هونەری ووتاربێژی کە پشت بەگفتوگۆی دیالیکتیکی دەبەستێت و وەك وەردی دەڵێت لەسەر بنەمای دوو بیرکردنەوەی جیاواز و دژ بەیەك بونیاد نراوە و زەحمەتە پێشبینی بەیەکگەیشتنیان بکرێت.

سۆفیستەکان لەگەڵ باوەڕی تەواویان بەڕێژەیی بوونی هەقیقەت، کەچی گەڕان و سۆراغکردنی هەقیقەت بەئەرکی خۆیان نازانن. ئەمەش بەس بوو بۆ ئەوەی کە سۆکرات و ئەفلاتوون، هێرش بکەن سەر سۆفیستەکان و سەفسەتە بەمانا نێگەتیڤەکەی بەئێمە بناسێنن. ئەوان پێیان وابوو وشەی سۆفیستەکان ئاماژەیە بۆ ئەو کەسانەی کە لە بیرکردنەوەیاندا ئامرازێك بەکاردەهێنن ئامانجی گەڕان نییە بەدوای هەقیقەتدا، بەڵکو تاکە ئامانجی سەلماندنی ئەو بەڵگە و پاساوانەیە کەوا لە لۆژیکی ڕاستییەوە دوورن، هەر دووکیشیان واتا سۆکرات و ئەفلاتوون سەفسەتەیان بەڕووناك بیرییەکی درۆین ناو بردووە.

لێرە بەدواوە ناوی سۆفیستەکان دەبێتە ناوێکی نەخوازراوی نێو مێژووی فیکر و فەلسەفە و دەبێتە عەیبێك بۆ هەر کەسێکی ئەم ناوەی

بەسەردا ببڕدرێت، سەرەڕای ئەمەش دەبینین کەسێکی وەك عەلی وەردی بەپێچەوانەی زۆر کەسی دیکە لە نووسەر و ڕووناکبیرانی سەردەمەکەی خۆی، هەوڵیداوە بەویژدانێکی زانستییەوە باس لە بزووتنەوەی سۆفیستەکان بکات و ئەویش نەچێتە پاڵ ئەو غەدرەوە کە مێژووی فەلسەفە تا ئێستا دەرهەق بەئەوانی کردووە، کە عەلی وەردی خۆی پێی وایە مرۆڤایەتی بەشکستی سەفسەتە و سەرکەوتنی لۆژیکی ئەفلاتوونی زیانێکی زۆری بەرکەوت، چونکە ئەگەر بهاتایە و سەفستە تا ئێستا مابایە و بانگەشەی بۆ لۆژیکی ڕێژەیی و گۆڕانکاری بکردایە، وەك ئەوەی کەوا لە کاتی خۆیدا دەیکرد، ئەو کات لەوانەبوو کۆمەڵگەی مرۆیمان بەشێوەیەکی دیکە بکەوتایە بەرچاو وەك لەوەی ئێستاماندا. بەلای وەردییەوە باوەڕێك کە سۆفیستەکان لەگەڵ خۆیاندا هێنایان گەر بهاتایە و زوو شکستی نەخواردبا، ڕەنگ بوو بیتوانی بوایە کۆمەڵگەی مرۆیی لە بەشێکی زۆری ئەو مەینەتی و کارەساتانە ڕزگار بکات کە ئەقڵە دۆگماکان و بانگەشەکارانی هەقیقەتی ڕەها بەسەریاندا هێنا.

ڕەخنەیەکیش  کە لێرەدا دەتوانین ڕووبەڕووی عەلی وەردی بکەینەوە، ئەوەیە کە دەبینین ئەویش بەهەمان شێوەی ئەفلاتوونییەکان وشەی سەفسەتەی لە بەرامبەر ناوی سۆفیستەکان بەکارهێناوە، کە نەدەبوو وەردیش بەهەمان شێوەی کەسانی سەر بەلۆژیکی کۆن وەك خۆی دەیڵێت، بکەوێتە ئەو هەڵەیەوە و ناوی سۆفیستەکان بەم سوکییە بەکاربهێنێت، چونکە سەفسەتە زیاتر وەك تانە و تەشەر و سوکایەتی پێکردنی سۆفیستەکان بەکار هاتووە، لانی کەم دەبوو ئەمە بەلای وەردییەوە ڕوون بێت و خۆی لە بەکارهێنانی بپارێزێت.

بەڵام من لەو لێکۆڵینەوەدا، ناچارم هەر هەمان ئەو وشەیە بەکار بهێنم کە وەردی بۆ ناساندنی ئەرگیۆمێنتسازی لای سۆفیستەکان بەکاری هێناوە، چونکە لێرەدا من قسە لەسەر فیکری عەلی وەردی و روانگەی ئەو

دەکەم بۆ سۆفیستەکان، لەبەر ئەوەش ناچارم فیکر و چەمکەکانی کە وەردی بەکاری هێناون وەکو خۆی بگوازمەوە، بەڵام جارێکی دیکەش دووپاتی دەکەمەوە، من وەکو خۆم بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ ئەم جۆرە بەکارهێنانەی وشەکە نیم بۆ قسەکردن و ڕوونکردنەوەی ئەرگیۆمێنتی سۆفیستەکان.

یەکێك لەو شتانەی وای لە عەلی وەردی کردووە تا بەرگری لە سۆفیستەکان بکات و تەنانەت شانازیش بەناوی سۆفیستاییەوە بکات، پێ هەڵبڕینی لە ڕادەبەدەری ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان بەتواناکانی ئەقڵ و لۆژیکی ئەقڵانی هەیە لە شکاندنی هەموو سنوورەکانی مەعریفە و پەڕینەوە بۆ ئەو دیو پەردەی نهێنییە شاراوەکان و بەدەستهێنانی هەقیقەتی ڕەها. چونکە وەردی پێی وایە ئەقڵیش سنوورێکی دیاریکراوی هەیە و لە ئاستیدا دەوەستێت، هەروەها پێی وایە ئەقڵی مرۆڤ بەڕادەی ئەوەی کەوا مەزنە و توانای داهێنان و ئەفراندنی هەیە، بەهەمان ئەو ڕادەیەش تەسکە و لە گەلێك ڕووەوە بێ دەسەڵاتە.

سەبارەت بەچوارچێوەی تیۆری لێکۆڵینەوەکەش پێویستە ئاماژە بەوە بکەم کەوا بەشێوەیەکی دیاریکراو دەکەوێتە بازنەی شیکردنەوە و ڕاڤکردنێکی ورد و تێروتەسەلی هەریەکە لە چەمکەکانی ئەقڵ و سەفسەتە و پێگە و بایەخیان لە فیکری عەلی وەردیدا، سەرچاوەی سەرەکیش بۆ دارشتنی تیۆرەکەمان لەم بارەیەوە، بریتییە لە نووسراو و کتێب و لێکۆڵینەوەکانی عەلی وەردی خۆی بەپلەی یەکەم، بەو واتایەی لە فیکری وەردییەوە قسە لەسەر ئەم چەمکانە دەکەین و ئامانجیشمان ناساندنی تیۆر و گریمانە کۆمەڵایەتییەکانی عەلی وەردییە لە سنووری ئەو باسانەدا کە ئەم دوو چەمکە هەڵیدەگرێت.

ئەم لێکۆڵینەوەیە پێك دێت لە دوو بەش، بەشی یەکەم تەرخانکراوە بۆ

ناساندنی سۆفیستەکان و چەمکی سەفسەتە، لە پاڵ خوێندنەوەیەکی مێژوویی سەرپێیانە بۆ کات و شوێنی سەرهەڵدانیان و ڕۆڵ و کاریگەریان لە مێژووی فەلسەفەی یۆناندا، لە پاشاندا دێینە سەر باسکردنی ئەوەی کە ئایا پەیوەندیی عەلی وەردی بەفیکری سۆفیستاییەکانەوە چییە، ئەمەش لە میانی هەڵوێستەکانی وەردی خۆیەوە روون دەبێتەوە سەبارەت بەسۆفیستەکان کە لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین بیانخەینە ڕوو.

بەشی دووەم، تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی ئەقڵ و میتۆدی ئەقڵانی لە روانگەی عەلی وەردییەوە، لە پاڵ میتۆدی زانستی و میتۆدی ئەقڵانیدا، هەر لە ڕوانگەی ئەو کۆمەڵناسەوە، هەر لەم بەشەدا دەمانەوێت بزانین ئەو رەخنانە چین کە وەردی ئاراستەی ئەقڵانییەت و میتۆدی ئەقڵانی کردوون، شەڕی وەردی لەگەڵ ئەقڵانییەتی ئەرستۆتالیسی چییە؟ دوا جار ڕوانگەی عەلی وەردی بۆ ئەقڵ و تواناکانی ئەقڵ و ڕۆڵی ئەقڵ لە دۆزینەوەی هەقیقەتدا چییە، ئایا هەقیقەت بەلای وەردییەوە چی دەگەیەنێ؟

## عەلی وەردی لە چەند دێڕێکدا

کۆمەڵناسی ناسراوی عێراقی دکتۆر عەلی وەردی لە ماوەی ژیانی ئەکادیمی خۆیدا، دەیان تویژینەوەی گرینگی دەربارەی سروشتی کۆمەڵگەی مرۆیی و لە ناویشیاندا کۆمەڵگەی عێراقی و سروشتی کەسایەتی تاکی عێراقی ئەنجام داوە، ئەویش بەمەبەستی تیشك خستنە سەر لایەنە تەمومژاوییەکانی ئەم کۆمەڵگەیە و کەسایەتی تاکەکانی ناوی. هەروەها ئەگەربێت و کەسێك بە وری ئاگاداری کارەکانی عەلی وەردی بێت ئەوا بۆی دەردەکەوێت کە ناوبراو لە دەرچوونی یەکەم کتێبیەوە لە ساڵی ١٩٥١ز تا دواهەمین بەرهەمی، هەوڵی داوە لە ژێر ڕۆشنایی سێ گریمانەدا کۆمەڵگەی عێراقی شیبکاتەوە: یەکەمیان بریتییە لە دووفاقی کەسێکی «ازدواج الشخصية» لای تاکی عێراقی. دووەمیان بریتییە لە ململانێی نێوان ژیانی کۆچەری و ژیانی شارستانی «صراع البداوة و الحضارة»، سێیەمیشیان پێکدێت لە نەگونجانی کۆمەڵایەتی «تناشز الاجتماعي» Social contradiction سەرباری ئەمانەش، عەلی وەردی زۆر گرینگی داوە بەنهێنییەکانی مرۆڤەکان، بەجۆرێك کە بەلای ئەوەوە هەست و نەست لە گرینگیاندا هیچیان لەویدیکەیان کەمتر نین و دوو ڕەگەزی گرینگن لە دەستنیشانکردنی سیماکانی کەسایەتی هەر مرۆڤێك.

لە راستیدا یەکێك لەو تایبەتمەندێتییە گریگانەی کە نووسینی عەلی وەردی جیادەکاتەوە لە کەسانی دیکە ئەوەی کە ناوبراو بەشێوەیەکی روون وئاشکراو بەزمانێکی سادە و ئەکادیمی پڕ لە بەرپرسیاریەتییەوە بەرهەمەکانی خۆی نووسیوە و دژی شێوازی ئاڵۆزی و تەمومژاوی بووە لە نووسیندا و ئەم سیفەتەشی گەڕاندووتەوە بۆ بێ توانایی ئەو نووسەرانەی بەم شێوەیە دەنووسن لەگەڵ کەم ڕەنگی و کرچوکاڵی نووسینەکانیان.

عەلی وەردی لە دایك بووی ساڵی ١٩١٣ز لە کازمیەی شاری بەغدا چاوی بەدنیا هەڵێناوە. بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرای لە بواری کۆمەڵناسیدا ساڵی ١٩٥٠ز لە زانکۆی تەکساسی ئەمریکی وەرگرتووە و هەر لەو ساڵەشدا دەگەڕێتەوە بۆعێراق و لە بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی بەغدا دادەمەزرێت، کە پاشان لەسەر داواکاری خۆی لە ساڵی ١٩٧٠ز دا خانەنشین دەکرێت و پاش تەمەنێکی درێژ و پڕ لە خزمەت بەکۆمەڵناسی عێراقی لە ڕێککەوتی ١٣/١٤/٧/١٩٩٥ز کۆچی دوایی کرد.

لە کتێبە چاپکراوەکانیشی: کەسایەتی تاکی عێراقی - ١٩٥١، نهێنیەکانی نەست - ١٩٥٢، واعیزەکانی سوڵتان - ١٩٥٤، گاڵتەجارییەکانی ئەقڵی مرۆیی - ١٩٥٥، ئەفسانەی ئەدەبی باڵا - ١٩٥٧، خەون لە نێوان زانست و باوەڕدا - ١٩٥٩، لۆژیکی ئیبن خەلدون - ١٩٦٢، لێکۆڵینەوە لە سروشتی کۆمەڵگەی عێراقی - ١٩٦٥، چەردەیەك لە مێژووی کۆمەڵایەتی عێراقی، کە پێکدێت لە شەش بەرگ و هەشت کتێب، ساڵی ١٩٦٩-١٩٧٩ نووسیویەتی.

هەروەها جگە لە نووسینەکانی خۆی، دەیان ڕۆژنامە و کتێب و ئینسکلۆپیدیاش لەسەر عەلی وەردی بابەت و نووسینیان بڵاوکردووتەوە، ئەمە لە پاڵ چەندین نامەی ماستەر و دکتۆرا کە لە زانکۆکانی عێراق و زانکۆی عەرەبییەکاندا لەسەر ئەم زانایە نووسراوە.

بەشی یەکەم

# سۆفیستەکان

## سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سۆفیستەکان لە یۆنانی کۆندا

لێرەدا بەر لەوەی بچینە سەر باسکردنی سۆفیسیتەکان خۆیان، پێویستە هەڵوەستەیەکی خێرا لەسەر بارودۆخی فیکری و سیاسی ئەو کاتەی یۆنان بکەین، کە بزوتنەوەی سۆفیستەکان تێیدا سەری هەڵدا، بەم شێوەیەش خۆمان لەبەردەم قۆناغێکدا دەبینینەوە کە تێیدا دەبینین سەرتاپای ژیانی یۆنانییەکان لەو ئانوساتە دیاریکراوەدا، لە دەروازەی گۆڕان و وەرچەرخانێکی گەورەدا بوو، هەر لە ڕووی فەلسەفییەوە بگرە تا دەگات بەلایەنە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکانیی.

بەر لە چوونی «ئەنکساگۆراس»ی ئایۆنی (٥٠٠ – ٤٢٨پ ز) بۆ ئەسینا لە دەوروبەری ساڵی ٤٧٥پ ز، ئەو شارە ئاشنایەتییەکی ئەوتۆی لەگەڵ باس و لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکاندا نەبوو.

ئەنکساگۆراس هاوڕێ و مامۆستای پیرەکلیسی ڕابەری دیموکراتەکانی ئەسینا بوو. ئەسینایەکان بەهۆی ئەنکساگۆراسەوە بوو کە توانییان سەروسەودا و ئاشنایەتی لەگەڵ باس و لێکۆڵینەوەی فەلسەفیدا پەیدا بکەن، ئەو فەلسەفەی لە باسکردنی سروشتی ماددیی و پرنسیپی یەکەمی مادده بۆ بوون، هێنایە دەرێ و ئاراستەکەی گۆڕی بەرەو باسکردن لە گونجان و جوانی و ئیستاتیکا، لە سروشتدا و لە دەرەوەی چوارچێوەی دیاردە ماددیەکاندا.

ئانکساگۆراس وتی بێگومان ئەقڵێکی حەکیم و زانا هەیە کە کاروباری

مـادده جـێبـەجـێدەكـات، بـەجـۆرێك ئـاراسـتـەی دەكـات بـەرەو ئـامـانـجێكی دیاریكراو و مەبەستدار. قەسەكانی ئەنكساگۆراس سەبارەت بەو ئەقڵەی «نۆوس» كەوا بوون رێك دەخات، سەرەتای قوناغێكی نویێ بوو لە باس و لـێكـۆڵـیـنـەوەی فـەلسەفـیـدا، دەربـارەی هـەریـەكـە لـە مـادده و ئـەو هـێزە ئەبستراكتەی بەڕێوەی دەبات. لە پاشاندا لێكۆڵینەوە و بەدوا دا چوون دەربارەیان پیێ بەپیێ و لەگەڵ وەخت و كات، پێشكەوتنی زیاتری بەخۆیەوە بینی، تا گەیشتە ئەو جێگەیەی فەلسەفە بەدوای ئەو ئەقڵەدا بگەڕێت كەوا ڕێكخەری بوونەوە، لە پەیوەندیی نێوان ئەقڵ و جەستەش بكۆڵێتەوە، هەروەك چۆن لە پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشتدا، بەدیوێكی تریشدا لـێكـۆڵـیـنـەوە لـە مـرۆڤـی دەسـتـی پـیێ كـرد، لێرەشدا لێكـۆڵـیـنـەوە لـە مـرۆڤ، مەبەست ئەو مرۆڤەیە كە بەرهەمی پێشكەوتنی كۆمەڵگە یۆنانییەكانە، ئـەو مـرۆڤـەی كـەوا لـە ژێر كـاریـگـەری و زادەی ئـەو روحـە تـاكـگـەرایـیـە سەربەخۆ و پاڵپشتەیە، بۆ كەسایەتی سەربەخۆی مرۆڤ و دەرهاویشتەی حەز و خواستێكی ئەقڵیی و ئەو ئازادییەیە كە بەهەموو لایەكی كۆمەڵگەدا بڵاوبووتەوە. بەم شێوەیەش گۆڕانێكی گەورە لە بارودۆخ و رێڕەوەكانی بـیـركـردنـەوەی یـۆنـانـیـدا روویـدا، كـاتێك دەسـتـی كـرد بـەگـواسـتـنـەوە لـە بـابـەتـیـبـوونـەوە بـۆ خـودیـەتـی. فـەلسـەفـەی سۆفـیـسـتـەكـانـیـش لـەگـەڵ پڕۆتاگۆراسدا (٤٨١-٤١١پ ز) یەكەم هەوڵی جددی و هوشیارانە بوو لە بواری لێكۆڵینەوەی قووڵ و تێروتەسەلدا، سەبارەت بەمرۆڤ(١).

هـەروەهـا لە نیوەی یەكەمی سەدەی پێنجەمی پێش لەدایكبوون، یۆنان لــە ژێر هــەڕەشـەی ئــەوەدا بــوو كـە بـكـەوێـتـە ژێر دەسـەڵاتـی فـارس و سەربەخۆیی گشت شارەكانیشی لە دەست بدات. بەڵام ئەسینا، بەهاوكاری ڕژێمە دیموكراسییەكەی و زیرەكی و لێهاتوویی سەركردەكانی و ئازایەتی گەلەكەی، توانی خۆی و هەموو وڵاتی یۆنان لەو مەترسی و هەڕەشەیە

(١) د. عمر عبدالحي، الفكر السياسي في العصور القديمة. بيروت. ٢٠٠٠، ل٨٢،٨٣.

ڕزگـار بـکـات، بـەتـایـبـەتـیش دوای سەرکـەوتـنـی لـە جـەنگـە دەریـاییـیـە بەناوبانگەکەی سەلامیسدا، پاشان سەرکەوتنە یەی بەدوای یەکەکانی تا گەیشتن بەدەیەی ئاشتی و ئاشتبوونەوە لەگەڵ فارسدا ساڵی ٤٤٩ پ ز.(٢)

لەو قۆنـاغـەی ژیـانـی سیـاسیـی یۆنـاندا سەرکردایـەتـیی پیرەکلیس لە ئەسینادا ڕۆڵێکی گرینگی گێڕا لە پاراستنی ململانێکان لە نێوان پێکهاتە میـلـلـی و دەوڵـەمـەنـدەکـانـدا، ئـەوانـەی کـە بـەردەوام لـە هـاوکـاری و هـاوپـەیمـانـیدا بـوون لـەگـەڵ سیستـەمـی ئۆلیگـارشیـەکـەی ئیسپـارتـادا، تـاڕژێمـی دیموکـراسی لـە ئـەسیـنـادا بـروخـێنـن و لـە جـێگـایدا ڕژێمـی ئۆلیگارشی دابمەزرێنن.

دەمەتەقێ و گفتوگۆ سیاسییەکان لە نێوان لایەنگرانی هەردوو لادا، واتا ئۆلیگارشی و دیموکراسییەکان هەمیشە لە حاڵەتێکی توند و بەردەوامدا بـوو، هـەریـەکـەشیـان کـاری بـۆ ئـەوە دەکرد کە پـەنـا بـەرێتـە بـەر هـەمـوو ئـامرازێك لـە پێنـاو داسەپـاندنی بـەرژەوەندییـە تـایبـەتییـەکـانی خـۆیدا، هـەمـوو تـەمـاهـکـارێکی سیـاسی بـەدوای بـەهـێزتـریـن جـۆر و شێوازەکانی وتـاربـێژیـدا دەگـەڕا، بـۆ ئـەوەی بیروڕاکـانـی گرووپ و لایـەنـەکـەی خـۆی سەرکەوێت.

بارودۆخی وەرچەرخاوی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی ئەوکاتەی یـۆنـان، کـۆمـەڵـێك بـیـروبـاوەڕی فـیـکـری و بـەرژەوەنـدی تـاکـەکـەسی و واقیعێکی دەروونی ناوازەیان هێنایە کایەوە.

مـرۆڤـی ئـەسینـایی کـەوتـە بـەردەم ڕێگـەگـەل و هـەڵـبـژاردنـی جـیـاواز و فـرەڕەنگ، تـەنـانـەت وای لـێ هـاتـبـوو کـە داوونـەریت و بـەهـا ئـایـنییـە گۆڕاوەکـانیش نـەیـانـدەتوانی هـەموو ئـەو دیـاردە تـازانـە لـە نـاوخـۆیـانـدا هـەرس بکـەن کـە دێنـە نـاو ژیانی خـەڵکەوە، بگـرە زۆرجاریش گومـان و

---

(٢) هـ.س.پ ل٨٣.

پرسیار لەسەر پیرۆزیی و بەها ئاینییەکانیش دادەنرا.

ئەم بارودۆخە واقیعێکی ئاوای هێنایە پێشەوە کە تێیدا هەر مرۆڤێك و هەر تاکێك بۆچوون و ئاراستەیەکی جیاوازی بەرامبەر بەشتەکان هەبێت، ئەمەش یاریدەدەر بوو لە زیاتر قووڵکردنەوەی ئاراستەی تاکگەرایی و بەرژەوەندی تاکەکەسی لە نێو کۆمەڵگەدا، بەتایبەتیش لەو کاتانەدا کە تین و تاوی تەنگەژە ئابووری و سیاسییەکان دەگەیشتە ئەوپەڕی خۆی.

هۆکارێکی دیکەی یاریدەدەر بۆ زەقکردنەوەی ئاراستە تاکەکەسییەکان لە کۆمەڵگەی یۆنانیدا، بوونی ئەو سیستەمە دیموکراسییە بوو کە ڕێگەی بەتاك دەدا تا ڕاستەوخۆ دەنگ و بەشداری خۆی هەبێت لە سیاسەتدا و ڕۆڵی هەبێت لە دارشتنی یاسا و سیاسەتی دەوڵەتە شارەکاندا.

ئەم وەرچەرخانەش وای لێ هاتبوو تا ئەوەی کە ئیدی وردە وردە لە هەموو بوارەکاندا هەستی پێ دەکرا، جا چ لە بواری شیعردا بێت یان پەیکەرتاشی و کاری شانۆیی و مۆسیقی و... هتد، لەگەڵ ئەویشدا خواست و ئاراستەی نوێبوونەوە دەستی بەسەر هەموو بوارەکاندا گرت، تەنانەت لە مەیدانەکانی زانست و فەلسەفەشدا ڕەنگی دایەوە و زەق بووەوە، کاتێك دەستیان دایە تێکشکاندنی هەموو شتە کۆنەکان لە پێناو جارێکی دیکە بنیاتنانەوەی مرۆڤ و کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ئەقڵانییەتێکی تازە کە دووربێت لە هەموو چەمك و باوەڕەکانی رابردوو و نەریتە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ئاینییە بۆماوەیی و ویراسییەکان.

تا گەیشت بەو ئاستەی کە ئیتر ئەقڵی یۆنان بەڕووی رەخنە و شیکردنەوەدا بکرێتەوە، لەوێوە ئیدی خەڵکی یۆنان وردە وردە بەو باوەڕە گەیشتن کەوا چەمکەکانی باشە و خراپە، لە لای هەموو نەتەوەکان و لە هەموو کولتوورەکاندا هاوشێوە و یەك جۆر نییە، لە لایەکی تریشەوە

گەیشتنە ئەو باوەڕەی کەوا بەها و پێوەرە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، هەموویان بریتین لە چەند شتێکی ڕێژەیی(٣).

بەو پێیەش کە پێشتر سۆفیستەکان خەڵکی ئەسینا نەبوون، بەڵام هەواداری دیموکراسیی ئەسینایی بوون. سۆفیستەکان ڕەنگە لە یەکەمین کەسەکان بووبن کە باس و وانەوتنەوەی فەلسەفییان کردووە بەپیشەی خۆیان و ئاگەداری هەموو لقەکانی بیرکردنەوە و ئەندێشەی زانستیی سەردەمەکەی خۆیان بوون هەر لە ڕێساکانی زمان و شیعرەوە بگرە تا ماتماتیك و پزیشکی.

ئەمڕۆ هەڵسەنگاندنی ئایدیای ئەفلاتوونی وەك بنەمایەك بۆ میتافیزیکی ڕۆژئاوایی، کە مارتن هایدگەر باشتر لە هەر بیرمەندێکی دیکە ئەمەی سەلماندووە، وە ئەو خاڵەش کە زۆرێك باوەڕیان وایە کەوا ئەرستۆش سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی خۆی، نەیتوانی ئەم بنەما و بنیاتە میتافیزیکییە هەڵبوەشێنێتەوە، شانسێکی باشی بەسۆفیستەکان بەخشی کە بەناڕەوا بە ″زمانبازەکان″ یاخۆ کەسانێکی زمانباز تاوانبار کرابوون(٤).

چەمکی سۆفیست بەمانای مامۆستا یاخۆ ئوستادی دانا بوو، بەڵام بەهۆی باڵادەستی و دەسەڵاتی قسەکانی ئەفلاتوونەوە، بەهەمان شێوەی زۆرێك لە چەمکی دیکەش، مانای ڕاستەقینەی خۆی لە دەست داو گۆڕا بۆ شتێك بەدژی خۆی. سۆفیست، یاخۆ بە دەربڕینێکی ئاشناتر لە نێو زمانی فەلسەفی ئێمەدا سۆفیستایی بوو بەکەسێکی زانا کە ڕاستییەکان و هەقیقەتەکان سەراوگێڕ دەکاتەوە، داناییەکی درۆیین دەخوڵقێنێت، زانا نییە بەڵام زمانبازە و یاری بەزمان دەکات(٥).

---

(٣) هـ.س.پ ل٨٦، ٨٥، ٨٤.

(٤) بابك احمد، کتاب تردید. نشر مرکز، چاپ اول ١٣٧٤ تهران، ص١٠٩.

(٥) هـ.س.پ. ص١٠٩.

لە ڕوانگەی ئەفلاتوونی و دژە سۆفیستەکانەوە، سۆفیستەکان کەسانێك نەبوون جگە لەو پیاوانەی کە بەدوای بژێوی ژیانی ڕۆژانەی خۆیان کەوتبوون، ئەویش لە ڕێگەی فێرکردنی گەنجەکانەوە بەهەندێك لەو شتانەی کە پێیان وابوو لە ژیانی رۆژانەیاندا بەکەڵکیان دێت و سوودی لێ وەردەگرن.

هەر لە ڕوانگەی ئەوانیشەوە، وشەی سۆفیستایی لە وشەی سفیتسەوە وەرگیراوە کە بەواتای موعەلیم و فێرکار دەهات لە هەر زانستێك لە زانستەکاندا. هەروەها سۆفیستەکان بەوەش تاوانبارکران گوایە کەسانێکی هەڵخەڵەتێنەر و زۆربڵێن، تاوانباریش کران بەوەی کە زانست لە پێناوی بازرگانیکردندا بەکاردەهێنن، هەقیقەتیش لە پێناوی هونەردا بەلاڕێدا دەبەن.

لە ڕاستیدا ئەو جۆرە تۆمەتانە بە درێژاییی مێژووی فەلسەفە گەلێك زۆرن کە دراونەتە پاڵ سۆفیستەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا بەچاوخشانێك دەتوانین ئەوە ببینین کە سۆفیستەکان گەلێك کاری گرینگیان کردووە. ئەوان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو لە دروستکردن و دامەزراندنی لۆژیکدا، هەروەها نوێکردنەوەی فەلسەفە و ئەخلاق، نەرمی و مرونەتیان هێنایە نێو زمانەوەو، چەندین بناغەی پتەویان داڕشت بۆ دەربڕینە زانستییەکان، هەروەها بیری مرۆڤایەتیان بۆ ئەوەش ئامادە کرد کە توانایی و سنوورەکانی خۆی بزانێت(٦).

لە ڕاستیدا هەریەکە لە زاراوەکانی سۆفیستایی و پیشەی سۆفیستایی و سۆفیستاییگەری، مێژوویەکیان هەیە کە پێویستە لەسەر خوێنەر تا ڕادەیەك ئاشنایەتی لەگەڵیاندا هەبێت تا فریوی چەند مانایەکی

---

(٦) د. کحمیل الحاج، الموسوعة المیسرة فی الفکر الفلسفي و الاجتماعي، مکتبة لبنان الناشرون، الطبعة الاولی٢٠٠٠ لبنان ص٢٩٠،٢٩١.

گومڕاکەر نەخوات، وشەی sophists یان sophist ، کە لە ئاوەڵناوی یاخۆ سیفەتی sophos بەمانای حەکیم و فرمانی sophizomai بەمانای (تێفکرین، بیرکردنەوە و فکرکردنەوە) وەرگیراوە، لە شوێنی خۆیدا بەمانای کەسێك دێت کە لە یەکێك لە بەش و پسپۆڕییەکاندا بەپلەیەکی بڵند گەیشتووە و کاری گەورە و سەرنجڕاکێشی ئەنجام داوە. لەم ڕووەشەوە شاعیرە گەورەکان و فەیلەسووفە گرینگەکان و موزیکدانان و پیاوانی سیاسی و ئەو پیاوانەی بەهۆی وتە قووڵ و پڕماناکانیانەوە ناوی «حەوت حەکیمەکەیان» پێ بڕاوە، بەسۆفیست ناو دەبرێن(٧).

کەواتە سۆفیستەکان دەستەیەك بوون لە ڕۆشنبیرانی سەربەخۆ کە لە دەوڵەتشاری یۆناندا دەژیان. واتە لە نزیکەی ٤٥٠ی پێش لەدایکبوون بەرەوە خوار، کە دەکاتە سەردەمی فەرمانڕەوایی شا پیرکلیس ٤٦١–٤٢٩پ.ز. ئەو سەردەمەش لە مێژوودا بەسەردەمی دیموکراسی ئەسینا، یاخو سەردەمی ڕۆشنگەری یۆنانی ناسراوە. ئەم ڕۆشنبیرانە کەسانێکی جیاوازبوون و ئامانج و خەونی جیاوازیش پێکەوەی کۆدەکردنەوە. هەروەها شێوەی ژیانی جۆر بەجۆریشیان پەیڕەو دەکرد کە هەندێ جار لەگەڵ یەکیشدا دەیخستنە ناکۆکییەوە... بەڵام ئەو هۆیانەی وا لە لێکۆڵەرەوەکان دەکەن هەموویان لە ژێر یەك سەردێردا بەسۆفیستەکان ناو بەرن، بریتین لە کۆمەڵێ خاڵی هاوبەشی فیکری، یاسا و شێوازی دەرسگوتنەوە کە هەموویان لە ئیشکردندا ڕەچاویان دەکرد.

هەندێ لەو خاڵە هاوبەشانەش بریتی بوون لە بەرگریکردنیان لە ئیرادە و فەزیلەتی تاکەکەس، بیروڕایان لەسەر مرۆڤ، تێگەیشتنیان لە چەمکی کۆمەڵگە، ئاین، جیاوازی و هەروەها چۆنیەتیی دەست نیشانکردنی ئەرك و خواستەکانی تاکەکەس لە کۆمەڵگەدا. جگە لەوەش دەکرێت شێوەی

---

(٧) بابك احمد، كتاب ترديد. هـ.س.پ. ،١٠٩.

تەكنيك و چۆنيەتيی بەرنامەی دەرسەكانيشيان وەك خاڵی هاوبەشی نێوانيان ناوبەرين، بەتايبەتيش تێگەيشتنيان بۆ مەسەلەی شێوازی بەكارهێنانی زمان(٨).

زۆر لە مێژوونووسانی فەلسەفە كاتێك دێنە سەر باسكردنی سۆفيستەكان، ئەوە يەكسەر دابەشيان دەكەن بەسەر دوو نەوەی جياوازدا: (A) نەوەی كۆن كە بريتی بوون لە (پرۆتاگۆراس و گۆرگياس). ئەفلاتوونيش دوو بەرهەمی بەناوبانگی خۆی بەناوی ئەوانەوە ناوناوە كە بەدوو سەرچاوەی گرينگيش دادەنرێن لەسەر بيروڕای سۆفيستەكان.

(B) نەوەی نوێ كە بريتين لە (ئەنتيفۆن، كەليكليس، هيپياس، ترايسماخۆس، پرۆديكۆس، كريتياس و هەندێكی تر.) يەكێ لەو هۆيانەش كەوا دەكات سۆفيستەكان بەم جۆرە دابەش بكرێن. هەر بەتەنيا ئەو وردە گۆرانكاريانە نين كە ئەم دوو نەوەيە لە شێوازی دەرسگوتنەوە و بەكارهێنانی تەكنيكی پەروەردەييدا خۆيانی لە يەكتر پێ جيا دەكەنەوە، بگرە ئەو جياكارييیە لەبەر تيشكی جۆرێكيش لە ڕاديكاليزەبوونی هەندێ لە بيروڕا هاوبەشەكانيان لە نەوەيەكەوە بۆ ئەوی تر هاتووتە ئەنجام.. بۆ نموونە بيروڕايان لەسەر بوونی يەزدان، كە نەوەی يەكەم هێمنی لە ئاستدا دەربڕيوە، كەچی لە لای نەوەی دووەم ئەو هەڵوێستە ئاستێكی بنەبڕ و توندتری بەخۆيەوە گرتووە(٩).

---

(٨) بڕوانە، ڕێبوار سيوەيلی، سۆفيستەكان، ل٥٨، ٥٩.

(٩) ڕێبوار سيوەيلی، سۆفيستەكان، هـ.س.پ، ل٥٩.

## سۆفیستەکان کێ بوون؟

لە نزیکەی ساڵی ٤٥٠ پێش مەسیحەوە، ئەسینا بووە چەقی کولتووری جیهانی یۆنانی، لەو کاتە بەدواوە فەلسەفەش ئاراستەیەکی نوێی وەرگرت.

فەیلەسووفە سروشتییەکان بەپلەی یەکەم لێکۆڵەرەوەی سروشت بوون، هەر لەبەر ئەوەشە جێگەیەکی گرینگیان لە مێژووی زانستدا هەیە. بەڵام لە ئەسینادا زیاتر سەرنجیان بۆ مرۆڤ و ڕۆڵی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا ڕادەکێشا.

لەو شارەدا هێواش هێواش شێوە دیموکراسییەك سەری هەڵدا، دادگە و ئەنجومەنی گەل گەشەی کرد. یەکێك لە بنچینەکانی دیموکراسیش ئەوە بوو کە خەڵکی دەبوایە زانیارییەکی پێویست و پڕاوپڕیان هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن لە پرۆسیسە دیموکراسییەکاندا بەشداربن.

دیموکراتییەکی گەنجیش پێویستی بەراگەیاندنی گەل هەیە، ئەمەش شتێکە تەنانەت ئەمڕۆکەش دەیبینین. لەسەروو هەموو شتێکی ترەوە، بەلای ئەسینایییەکانەوە گرینگ بوو بتوانن بەسەر هونەری ئاخافتندا یان بەسەر ڕەوانبێژیدا، زاڵ بن.

پاش ماوەیەکی کەم تەوژمی گرووپێکی مامۆستا و فەیلەسووف ڕوویان لە ئەسینا کرد. ئەمانەش خۆیان ناو نابوو سۆفیستەکان sophist وشەی سۆفیست مانای مرۆڤێکی ڕۆشنبیر یان ڕووناکبیر دەبەخشێت. پیشەی مامۆستاییش لە ئەسینادا بووە سەرچاوەی گوزەرانی سۆفیستەکان.

سۆفیستەکان پەیوەندییەکی گرینگ و هاوبەشیان لەگەڵ فەیلەسووفە

سروشتییەکاندا هەبوو، هەردوو لایەنەکە ڕەخنەیان لە ئەفسانەی سەردەم دەگرت. بەڵام لە هەمان کاتیشدا سۆفیستەکان رەفزی بیرکردنەوەی فەیلەسۆوفانەی بێ سوودیان – بەلای ئەوانەوە – دەکرد.

بەپێی بڕوای ئەوان پێدەچێت وەڵامێك بۆ پرسیارە فەلسەفییەکان هەبێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمەی مرۆڤ ناتوانین بگەینە یەقینێك، ناتوانین وەڵامێکی پڕاوپڕ و ڕاستی نهێنی سروشت و گەردوون بدۆزینەوە. ئەم جۆرە ڕوانگەیەش لە جیهانی فەلسەفەدا پێی دەگوترێت "سکێپتیسیزم (Skepticism)(بەزمانی عەرەبی، الارتیابیة. واتە گومانکار، یان گومانباوەڕی بەڵام بەمانا فەلسەفییەکەی).

بەڵام دەیانگوت هەرچەندە ناتوانین وەڵامی هەموو نهێنییەکانی سروشت بدەینەوە، ئەوا لەگەڵ ئەوەشدا دەزانین کە ئێمە مرۆڤین و دەشێ فێربین بەیەکەوە بژین، لەبەر ئەم هۆیە، سۆفیستەکان گرینگیان بەمرۆڤ و شوێنی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا دەدا(١).

سەدەی پێنجەمی پێش لەدایکبوون لەگەڵ هەموو دەوڵەمەندییەکیدا لە ڕووی دەسکەوتە ئەدەبییەکانەوە، سەدەی نووسینی ڕووت نەبووە و یۆنانییەکان هێشتاش بەشێکی دیاریکراوی خۆراکی ڕوحی خۆیان لە ڕێگەی بیستنەوە وەردەگرت و پێ دەچوو لە ژیانی کۆمەڵایەتیی ئەسینادا سیمایەکی دی جێگەی حەکایەتبێژەکان بگرێتەوە کە ئیدی وردە وردە خەریك بوون لە ناو دەچوون. هەر بەو جۆرەی، کە پێشتر حەکایەتخوانەکان بەخۆیان و پەستەکە ئەرخەوانییەکانیانەوە لە ئاهەنگە گەورەکاندا شیعری داستانی و سەربهووردی قارەمانەکانیان دەگێڕایەوە، ئێستا سۆفیستەکان لە میانەی کێبڕکێ وەرزشییەکانی

(١) یۆستاین گاردەر، جیهانی سۆفیا. و: بەهرۆز حەسەن، دەزگای سەردەم ٢٠٠٣ز. ل٧٣.

ئۆڵۆمپییا و ئاهەنگەکانی دیکەدا لە بەرامبەر کۆمەڵانی خەڵکدا دەردەکەوتن و وتاری بە تام و چێژ و هەندێ جاریش تۆقێنەریان، کە بۆ خۆیان دایان هێنابوون، بەگوێی ئامادەبووانـدا دەدا. لە بۆنە خۆمانەییەکانیشدا پێشوازی لەو وتارە ڕەوانبێژانەیان دەکرا، کە بەهونەرەکانی ئەدەب ڕازێنرابوونەوە و لەمەڕ کێشە زانستی و ئەخلاقییەکانەوە بوون، ئەو گۆڕانکارییەی کەمێ پێشتر لە سێیەمین چارەکی هەمان سەدە لە پەروەردەکردنی لاواندا ڕووی دا، پەیوەندیی بەم دیاردەیەوە هەبوو، ئەو بابەتە دەرسییە کورتانەی لە بواری پەروەردەکردنی لاوەکاندا دەوترانەوە، واتە خوێندنەوە، نووسین، ماتماتیک، مۆسیقا، وەرزش، پاشانیش وێنەکێشان، چیدی نەیاندەتوانی ببنە وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی ژیانی پێشکەوتووی زەینی و سیاسی، هیچ هەوڵدانێکی هەرەوەزی یان تاکەکەسیانەش نەدرابوو بۆ دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوانەی، کە بتوانن ئەو شتە پێشکێش بەلاوەکان بکەن، کە قوتابخانە ناوەندییەکان و زانکۆکانی ئێمە (جگە لە پەروەردەی تایبەت) پێیان دەبەخشن، بەڵام ئیدی سەردەمی ئەوە هاتبوو تا پیاوانی زانا و خاوەن بەهرە، سەربەخۆیانە بکەونە پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییە، ئەو فێرکارە گەڕیدانە پەیدا بووبوون، کە لەم شارەوە دەچوونە ئەو شار و لاوەکانیان لە دەوروبەری خۆیان کۆ دەکردنەوە و دەرسیان پێ دەگوتنەوە. بابەتی ئەم دەرسانە بریتی بوون لە زانستە جێگرتووکان و وانەکانی فەلسەفەی سروشتی و لێکدانەوەی بەرهەمی شاعیرەکان و داوەریکردن لە بارەیانەوە، لەگەڵ وردەکارییەکانی ڕێزمان، کە تازە بناغەکەی داڕێژرا بوو، ئەمە وێڕای بابەتی شیکردنەوە میتافیزیکییەکان[٢].

(٢) ڕێبوار سیوەیلی، سۆفیستەکان، دەزگای سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٠ز. ل٤٤.

سەدەی پێنجەمی پێش لەدایکبوون، گرینگترین قۆناغ بوو کە تێیدا بناغەیەکی فیکری هاتە کایەوە لە پێناو دروستکردن و بونیات نانێکی فیکری و فەلسەفی و شارستانی یۆنانیدا. ئەم سەدەیە دەرکەوتنی چەندین کەسی لە گەورە پیاوانی فیکری سۆفیستەکان بەخۆوە بینی، کەوا کۆمەڵێك فیکر و تێڕامانی فەلسەفیان پێشکەش کرد، تێیدا بەداهێنانێکی گەورەوە گوزارشتیان لە بارودۆخی گۆڕاو و وەرچەرخاوی ئەو کاتەی وەڵامی یۆنان کردووە، بەتایبەتیش شاری ئەسینا.

بیرمەندە سۆفیستەکان توانیان بەباشی لە فیکری پێش خۆیان تێ بگەن، ئەو فیکرەی لە بواری لێکۆڵینەوەی سروشت و دۆزینەوەی ئەو ماددە سەرەکییە تێ دەکۆشا کە هەموو بوونی لێ پێکهاتووە، سۆفیستەکان لەگەڵ ئەوەشدا کە شارەزاییەکی باشیان لەو بارەیەوە پەیدا کردبوو پێوەندیشیان لەگەڵ فەیلەسووفە سروشتییەکاندا باش بوو، بەڵام سەرەنجام هەر گەیشتنە ئەو باوەڕەی کە بەدواداچوونی ئەم جۆرە بابەتانە هیچ سوودێکی ئەوتۆی نییە و ناتوانێت خزمەت بەژیانی مرۆڤ بکات، بەم شێوەیە بەلای ئەوانەوە گرینگ بوو کە لێکۆڵینەوەکان بریتی بێت لە جەختکردنەوە لەسەر مرۆڤ و ئەو میکانیزمانەی کە لە ڕێگەیانەوە مرۆڤ دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی خۆی بهێنێتەدی کە ئەمە بەلای سۆفیستەکانەوە گرینگترە لە هەر بابەتێکی دیکە. ئا بەمجۆرەش، سۆفیستەکان بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا گوزارشت لەو قۆناغە دەکەن کەوا پێشکەوتنەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤی یۆنانی بەکارلێککردن لەگەڵ سەرجەم گۆڕانکارییەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا، پێی گەیشتبوو[٣].

---

(٣) د. عمر عبدالحي، الفكر السياسي في العصور القديمة. بيروت ٢٠٠٠، ص٨٣.

## پرۆتاگۆراس

پرۆتاگۆراس (٤٨٥–٤١٠ پ.ز)لە کۆنترین سۆفیستە یۆنانییەکانە. لە دەوروبەری ساڵی ٤٨٥پ.ز دا لە ئابدێرا لەدایك بووە، ئابدێرا Abdera شارێکە لە ترەیسی دێرین لە نزیکی چاوگی ڕووباری نێستۆسەوە. ڕێك بەرامبەری دوورگەی تاسۆسە. لە سەدەی حەوتەمی پێش زایندا، دانیشتوانی شاری دێرینی ئایۆنییەکان کلازۆمینیا ئاوەدانیان کردووەتەوە، دیمۆکریتس و پرۆتاگۆراس هەردووکیان لەوێ لەدایك بوون(١).

پرۆتاگۆراس یەکێکە لە هاوسەردەمانی ئەنکساگۆران و ئەمپیدۆکلیس، ئەو لە یەکەمین کەسانێك بوو کە گەیشتە ئەسینا و لە ڕێگەی فێرکردنەوە دەرامەتی خۆی بەدەست دەهێنا، ئەو دۆستی پیرەکلیس بوو، ناوی پرۆگۆراس لە بەشێکی گفتوگۆکانی ئەفلاتوونیشدا هاتووە(٢).

وا باس دەکرێت کە پرۆتاگۆراس سەرسام بووە بەدیمۆکریتس و هیراکلیتس، بیروڕاکانیشی سەبارەت بەگۆڕان و ناجێگیری لە یەکێك لەم دووانە وەرگرتووە، ئەو لە شارێکەوە سەفەری دەکرد بۆ شارێکی تر و بیروڕاکانی خۆی بڵاو دەکردەوە، خەڵکیش بە ڕەوانبێژیی ئەو پیاوە و توانای لە ڕادەبەدەری لە وتاربێژیدا سەرسام دەبوون و لە هەموو شوێنێکدا پێشوازی گەرمی لێ دەکرا، پرۆتاگۆراس دەمارگیری و پێداگیرییەکی زۆری بۆ بیروڕاکانی خۆی هەبوو لە هەمان کاتیشدا دەیتوانی زۆرباش بەرگرییان لێ بکات.

(١) ئەفلاتوون، پرۆتاگۆراس و ئایۆن. و: ئاوات ئەحمەد، سلێمانی٢٠٠٤، ل٧.

(٢) انتۆنی گاتلیب، رؤیای خرد. ترجمة: لی لا سازگار، انتشارات ققنوس، تهران ١٣٨٤، ص١٥٩.

پرۆتاگۆراس لە کتێبێکی خۆیدا بەناوی (هەقیقەت)، نکۆڵی لە بوونی خواوەندی یۆنان دەکات و زۆر بەتوندی بەگژ کۆمەڵێك لە بیروباوەڕ و بەها ئاینییەکانی ئەوکاتەی یۆناندا دەچێتەوە(٣). ئەو دەیگوت ″مرۆڤ پێوانەی هەموو شتێکە″ مەبەستی لەوە بوو کە هەرچی باش و خراپ و ڕاست و هەڵە هەیە، هەمیشە دەبێ بەپێی پێویستی مرۆڤ هەڵبسەنگێنرێت. کاتێکیش پرسیاری ئەوەیان لێ کرد کە ئایا باوەڕی بەخواکانی یۆنانە؟ لە وەڵامدا گوتی ″ئەم بابەتە سەختە و ژیانی مرۆڤیش کورتە″، ئەو کەسەش کە نەتوانێت بەڕوونی دەربارەی بوون و نەبوونی خوا بیروڕای خۆی دەربڕێت پێی دەڵێن ″ئەگنۆستیك″ Agnosti (لە زمانی عەرەبیدا، الادر، واتە نەزان، بەڵام بەمانا فەلسەفییەکەی)(٤).

پرۆتاگۆراس پێی وابوو کەوا کورتی تەمەنی مرۆڤ و سنووورداری ئەو زانیاریانەی کە دەتوانێت دەستی پێیان ڕابگات، ڕێگەی نادەن تا بوون و نەبوونی خواوەند یەکلاییی بکاتەوە، بۆیە بەلای ئەوەوە وا باشترە کە مرۆڤ خۆی بەم مەسەلانەوە سەرقاڵ نەکات و زیاتر بەتەنگ کێشە و مەسەلە دنیاییەکانەوە بێت.

پرۆتاگۆراسی سۆفیست کاتێك کە دەڵێت: ″مرۆڤ پێوەری یاخۆ پێوانەی هەموو شتەکانە″ئەوا مانای ئەوە دەگەیەنێت کەوا هیچ هەقیقەتێکی بابەتی بوونی نییە، بگرە هەقیقەتەکان پێوەندییان بەباوەڕی مرۆییەوە هەیە. ئەم قسەیەش خاوەنەکەی دەکات بەفەیلەسووفێکی تەواو ڕێژەیی، تەنانەت لە فەیلەسووفانی دوای مۆدێرنیتەش ڕێژەییتر.

ئەو لە نووسراوێکی خۆیدا بەناوی (دەربارەی خواکان) کە ئەم نووسراوەش ون بووە، بەرگری لەو باوەڕەی خۆی کردبوو کە دەڵێت دوو

---

(٣) د. کحميل الحاج. الموسوعة الميسرة في الفكر الفلسفي و الاجتماعي. ص١٠٦.

(٤) یۆستاین گاردەر، جیهانی سۆفیا. ل٧٣.

قەڵەمڕۆ هەیە، یەکیان قەڵەمڕۆیەکی نەبینراوی ئاسمانییە کە لەوێدا خواکان هەن، ئەوی دیکەشیان مرۆڤایەتییە. ژمارەیەك لە ڕاڤەکاران دەڵێن بەلای پرۆتاگۆراسەوە کە وتوویەتی مرۆڤ پێوەری هەموو شتێك و هەر شتێکە، ئەو ئەم خاڵە دەبەستێتەوە بەچەمکی "نەمری ڕوحی مرۆڤ"ەوە. هەرچی باوەڕی پرۆتاگۆراسە بەبوونی قەڵەمڕەوێکی ئاسمانی، ئەوا بەڕاستی ناتوانێت زۆر دەقیق بێت و جێگەی پرسیارە، لەبەرئەوەی کە لە پەرەگرافێکی زۆر بەناوبانگدا کە لە پاش پرۆتاگۆراس جێماوە و زۆریش وتراوەتەوە و گواستراوەتەوە، وتوویەتی "ئەوەی دەربارەی خواکانە، من بەشێوەیەکی دروست نازانم کە بوونیان هەیە وە ناشزانم کە بوونیان نییە، هەروەها ناشزانم کە چۆناوچۆن دەتوانن ببن. لەم بارەیەوە کۆمەڵە خاڵێکی زۆر زۆر هەن کە لە ئاستی زانینی ئێمەدا فراوانتر دەڕۆن، هەم پەیدانەبوونی ئەوان و هەم بەکۆتایهاتنی تەمەنی مرۆڤیش، هۆی نەزانی ئێمەن(٥).

سەبارەت بەبابەتی فەلسەفەش پرۆتاگۆراس پێی وایە فەلسەفە شتێك نییە زیاتر لە هونەرێکی وتاربێژی، یان هونەری باوەڕپێهێنانی زمانەوانی یاخۆ باوەڕپێهێنانی بەرامبەرەکەت لە ڕێگەی زمانەوە ئەگەر بێت و لێهاتووییەکت هەبێت، ئەوا لە گفتوگۆدا بەکەڵکت دێت(٦) هەر ئەم بۆچوونەش بوو کە سۆفیستەکانی ڕووبەڕووی گەورەترین ڕەخنە و دژایەتی کردەوە لە لایەن سۆکرات و قوتابییەکانییەوە لە نموونەی ئەفلاتوون، کە پێیان وا بوو سۆفیستەکان بەم شێوەیە لە بایەخی فەلسەفە کەم دەکەنەوە و جیاوازییەك ناهێڵنەوە لە نێوان فەلسەفەکاری و باقی پیشەکانی دیکەی وەك دارتاشی و ئاسنگەری و سەرتاشین و... هتد، کە

(٥) بابك احمدی، کتاب تردید. ص١١٦.

(٦) دیف روبنسون و جودی جروفر، اقدم لك الفلسفة/ ترجمة، امام عبدالفتاح امام، المجلس الاعلی للثقافة ٢٠٠١ ص٢٢.

سۆفیستەکان دەگەڕان و هونەری دواندەری و زمانەوانیان فێری خەڵك دەکرد، تا لە دەوڵەتەشارەکانی یۆناندا بتوانن بەباشی بەرگری لە ماف و لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بکەن.

جێی سەرنجە کەوا لە فیکری سۆفیستەکاندا گەلێك تێڕامان و قووڵبوونەوە و ئاماژەی فەلسەفی هەیە کە ئەمڕۆ دەبینین فیکر و فەلسەفەی مۆدێرن و فەلسەفەی سیاسی هاوچەرخ جەختیان لەسەر دەکاتەوە.

هەر ئەو بابەتی ڕێژیبوون و ڕێژیبوونەی هەقیقەت کە ئەمڕۆ تەوەرێکی سەرەکی و ئاراستەیەکی هاوبەش پێك دەهێنێت لە نێوان فیکری مۆدێرنیتە و پۆست مۆدێرنیتەدا، ئەوا هەر ئەو کات پرۆتاگۆراس و هاوڕێکانی باسیان لێوە کردووە و باوەڕیان پێی هەبووە.

هەروەها پرۆتاگۆراس بەڕۆڵی خۆی هەڵدەستێت بەخستنەڕوو و پێشنیازکردنی بەرنامەیەکی عەمەلی، ئەویش ئەوەیە کە ئەو پێی وابوو: ئەو مەسەلانەی کە جێگەی سەرنجی ئێمەن بریتین لە چەند مەسەلەیەکی ئابووری، واتا شتەگەلێك کە پێوەندییان بەئێمەوە هەیە. قسەکردن دەربارەی بوون و نەبوون شتەگەلێکی ئەبستراکت و لە خودی خۆیاندا بێ مانان. شتێك کە لێرەدا پێویستە ببێتە جێگەی بایەخ و سەرنجی ئێمە ئەوەیە کە ئەوانە بەلای ئێمەوە چ شتێکن. دنیایەك کە تیایدا ژیان بەسەر دەبەین جیهانێك کە تییدا لەگەڵ گشت بوونەوەرەکانی دیکە پێوەندی دروست دەکەین و بەشێوەیەکی گشتی ژیانی ئێمە لە دنیایەکدایە کە جێگەی گرینگی و بایەخ پێدانە(٧).

ئەو نرخ و شوێنگەیەی سۆفیستەکان بۆ تاکەکەسیان لە پێش چاو دەگرت و ئەوەی کە بەبوویەکی چالاکیی کۆمەڵایەتی و سیاسییان لە

---

(٧) دریوا. هایلند، بنیادهای فلسفة. ترجمة: رضوان حدقی نژاد کحتایون فرادیور. نشر علم تهران ١٣٨٤، ص٣٦٩.

قەڵەم دەدا، لە هەمان کاتیشدا خۆبەدوورگرتنی ئەوانی لە بیرکردنەوەی ئاینی و غەیبانیەت دەردەخست. ئەم خۆبەدوورگرتنەش، شتێ نەبوو نەوەی دوای سۆفیستەکان دایان هێنابێ، بگرە هەر خودی پرۆتاگۆراسی پیری نەوەی یەکەم، هەنگاوی پڕ بایەخی بۆ هەڵهێنایەوە. ئەمەش نەك هەر لە رستەی "مرۆڤ پێوەرە" دا، کە پێشتر ئاماژەی بۆ کرد. بەڵکو لە رەخنەی راستەوخۆشدا کە لە خواوەندەکانی دەگرت.

لە رستەی "مرۆڤ پێوەر"دا، وەك بینیمان پرۆتاگۆراس مرۆڤ وەك پێوەر و پارسەنگی هەموو شتێ لە "دنیا"دا تەماشا دەکرد و ئەمەش بەمانای ئەوە بوو کە ئەو هەموو پارسەنگ و پارادیمێکی دیکەی وەك هۆکاری دەستنیشانکەر بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤ و گوزەرانەکەی رەتدەکردەوە. مرۆڤ بوویەکی دنیایی و خاکییە و لێرە دەژی، هەر بۆیەشە هیچ شتێ نییە لە خۆی زیاتر یارمەتیمان بدات بۆ توێژینەوە لە توانا و هەڵسوکەوت و جیهانبینیەکەی[8].

سۆفیستەکان بەهەموو شێوەیەك ئەوەیان رەت دەکردەوە کە مرۆڤ ملکەچی (یاسا سروشتییەکان بێت، ئەو یاسایانەی زۆرتر ئایینەکان پشتگیرییان لێ دەکرد، ئەوان هیچ کات خۆیان بەوەوە خەریك نەکردووە تاکو بزانن ئەم جیهانە و گردوونە لەچی دروست بووە و چۆن دروست بووە) یاسا سروشتییەکانیش کە کۆڵەکەیەکی سەرەکی بوون بۆ ئاینەکان، بەلای سۆفیستەکانەوە لە مرۆڤ بالاتر نەبوون و نەشدەکرا وا سەیر بکرێن. هەر لەم بارەیەوە ئانتیفۆن کە یەکێك بوو لە سۆفیستە دیار و بەرچاوەکان، دەڵێ "یاسا گەلێك کە مرۆڤ دای ناوە، یاسایەکی وەدەستهێنراوە، بەڵام یاسا سروشتییەکان یاساگەلێکی بەزۆرین، یاساکانی نێو کۆمەڵگەمرۆییەکانیش، زادەی رێککەوتن و تەوافوقی نێوان تاکەکانە نەك زادەی سروشت"[9]

(٨) رێبوار سیوەیلی، سۆفیستەکان. ل٩٥.

(٩) انتونی گاتلیب. رؤیای خرد. ص١٧٩.

لە روانگەی سۆفیستەکانەوە ئەو یاسایانەی کە مرۆڤ دایان دەنێت بەشێوەیەکی ئازادانە وەردەگیرێن و قبووڵ دەکرێن، واتە قبووڵکردن یان ڕەتکردنەوەیان لە لایەن مرۆڤەکانەوە تەواو ئازادانەیە، بەڵام بەپێچەوانەوە یاسا سروشتییەکان، ئەو یاسایانەی کەوا هیچ هەڵە و دەستکارییەك لە خۆیاندا قبووڵ ناکەن، ئەو ئازادییە لە مرۆڤ زەوت دەکەن و تەواو پێچەوانەی کردە و ئیرادەی ئازادی تاکەکان هەڵسوکەوت دەکەن.

ناکۆکی سۆفیستەکان لەگەڵ ئاین و هەموو یاسایەکی بان مرۆیی، لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەوان زۆر باوەڕیان بەمرۆڤ و پاراستنی ئیرادەی ئازادانەی مرۆڤەکان هەبوو، لە کاتێکدا یاسا بان مرۆییەکانی ئەوکات ئەو پرنسیپەی سۆفیستەکانیان پێشێل دەکرد.

بەهەمان ئەو ئەندازەیەش کە پرۆتاگۆراس سەرقاڵی فەلسەفە بوو، شیعر و ئەدەبیش جێگەی بایەخی ئەو بوون، پرۆتاگۆراس ڕوونکردنەوەی لەسەر ماناکانی شیعر دەدا و تێکستە شیعرییەکانی ڕاڤە دەکرد، هەروەها سەرقاڵی وتنەوە و فێرکردنی زمانیش بوو، لەو بارەیەشەوە تێزی خۆی هەبوو سەبارەت بەزمان، ئەو لە یەکەمین کەسانێك بوو کە ڕێزمانی نووسی. هەروەها پرۆتاگۆراس نامەیەکی فەلسەفیشی دەربارەی "هەقیقەت" نووسی کە ئەو گوتە بەناوبانگ و ئاڵۆزەشی لەخۆ گرتبوو کە دەیوت مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە(١٠).

پرۆتاگۆراس زۆر کتێبی تریشی نووسیوە کە ئێستا هەموویان ونبوون، لە بەناوبانگترین ئەو کتێبانەش، کتێبی هەقیقەتە کە ئاماژەمان بۆ کرد. نووسینەکانی پرۆتاگۆراس کاریگەری زۆریان هەبوو بۆ سەر کولتووری یۆنانی لە دوای خۆی، بەهەمان ئەندازەش وتە و قسەکانی کە لە ڕێگەی

---

(١٠) هـ.س.پ. ل١٦١.

تێکستە فەلسەفییەکانی کەسانی دیکەوە ماونەتەوە، تا ئەمڕۆش کاریگەریان هەبووە لەسەر فیکر بیرکردنەوەی فەلسەفی، تا ئەو جێگەیەی کە دەبینین کەسێکی وەك نیچە پڕۆتاگۆراسی (بەرەخنەگری ئەخلاق) ناو بردووە، نیچە ئاشنایەتی لەگەڵ کارەکانی پڕۆتاگۆراس و سۆفیستەکانی تریشدا هەبووە و بیریشی بۆ ئەوە چووە کەوا ″یەکەمین ڕەخنەی جدیی ئەخلاق، لەسەر دەستی سۆفیستەکان هاتبێتە کایەوە″.

نیچە دەربارەی هەریەکە لە پرۆتاگۆراس و هیراکلیتوس و دیمۆکریتوس، نووسیویەتی:″ شێوازی بیرکردنەوەی ئەمڕۆیانەی ئێمە، قەرزاری ئەم سێ فەیلەسووفەیە″.(١١)

---

(١١) بابك احمدی. کتاب تردید. ص١١٣.

## هەقیەت لە ڕوانگەی سۆفیستەکانەوە

ڕەنگە بەلامانەوە سەیر بێت ئەگەر بوترێت، تیۆری سەرەکی سەفسەتە بەو شێوەیەی کە لێی تێ دەگەین، بنەمای ڕێژیبوونی زانست و بەها ئەخلاقییەکانە، کە لە واقیعدا ئەم تیۆرە لە کولتووری ئێستای ئێمەدا بەشێوەیەکی تەواو باڵادەستە(١).

هەروەك پێشتریش باسمان کرد، سۆفیستەکان لەگەڵ ئەوەی کە باوەڕیان بەڕێژیبوونی هەقیقەت هەبوو، لە هەمان کاتیشدا گەڕان و سۆراغکردنی هەقیقەتیان بەئەرکی خۆیان نەزانیوە، ئەوان هیچ کات بەدوای هەقیقەتدا نەگەڕاون، چونکە بەلای ئەوانەوە هیچ هەقیقەتێك بوونی نەبووە تا بەدوایدا بگەڕێن. دواجار هەموو بانگەشەیەکی فەلسەفی لە پێناو دۆزینەوەی هەقیقەتدا، دەبێتە مایەی ئەوەی کە هەموو سیفەتێکی ڕێژەی بوون لە هەقیقەت دامالێت و وەك بابەتێکی جێگیر و نەگۆڕ مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

لەم ڕووەشەوە کولتووری ئەمڕۆی ئێمە، کولتووری مۆدێرنیتە و جیهانی مۆدێرن، سەرباری هەموو کەموکوڕی دەستکەوتەکانیشیەوە، جارێکی دیکە قەرزاری سۆفیستەکانە، ئەوان پێشەنگ بوون لە شکاندنی بووتەکانی هەقیقەت و ڕەتکردنەوەی حەقیقەتە بانمرۆییەکان.

بوونی هەقیقەتی ڕەها بەلای سۆفیستەکانەوە جێگەی شك و گومان بوو، ئەوان هەمیشە ئەوەیان وەبیر دەخستەوە کە هەرچی هەیە و بوونی هەیە، خودی و ڕێژییە و بەیارمەتی چەند فاکتەرێکی تاکەکەسی-کۆمەڵایەتییەوە دروست بووە، ئەو هەقیقەتانەی کە بەدوای

(١) دریوا. هایلند. نیادهای فلسفه. ترجمه: رضوان حدقی نژاد. ص٣٩٥.

درککردنێکی هەستەوەرانەوە دەهاتن، واتە لە ڕێگەی هەستەوە درکیان پێ دەکرا، بەلای سۆفیستەکانەوە جێگەی شك و گومان بوو، ئەوان دەیانگوت جیهانی سروشتی تەنیا لەو ڕێگایەوە شایەنی تێگەیشتنە کە ئەقڵ پەی پێ دەبات، لە بەرامبەردا سۆفیستەکان هیچ باوەڕیان بەدیاردە هەستی و ئیدراکییەکان، بەوتەی ڕوحی جیهان یان ئەقڵی گشت-گشتی Universal mind، نەبوو(٢).

وتە بەناوبانگەکەی پڕۆتاگۆراس: مرۆڤ پێوەری هەموو شتەکانە، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کەوا لە فیکری سۆفیستەکاندا شتێك نییە بەناوی هەقیقەت کە پێگەی لە سەرووی مرۆڤەوە بێت، بگرە ئەوەی هەیە بریتییە لەو هەقیقەتەی کە لە لای مرۆڤەکان دەست دەکەوێت، بەم پێیەش لە بری ئەوەی تاکە یەك هەقیقەت بوونی هەبێت، دەبینین بەئەندازەی ژمارەی مرۆڤەکان هەقیقەتیش هەیە، منی مرۆڤ بەرژەوەندییەکانی خۆم لە کوێدا بدۆزمەوە، هەر لەو شوێنەش بەدوای هەقیقەتدا دەگەڕێم یان هەقیقەت دەدۆزمەوە، هەر لە پێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆشمدا، ناچارم بەرگری لەو هەقیقەتەش بکەم کە وەك تاکێك پێوەندی بەبوونی منەوە هەیە.

سۆفیستەکان باوەڕی زۆریان بەزمانپاراوی و ڕەوانبێژی هەبوو، ئەوان پێیان وابوو هەموو کەس دەتوانێت لە ڕێگەی زمانەوە بەرگری لە باوەڕی خۆی بکات و بەرگری لەو شتە بکات کە پێی وایە هەقیقەتە، هەر لە ڕێگەی زمان و توانای قسەکردنیشەوە، مرۆڤ دەتوانێت هەقیقەت بخوڵقێنێت یاخۆ بەشداری لە خوڵقاندنی هەقیقەتدا بکات.

بەکورتی دەکرێت بڵێین سۆفیستەکان باوەڕیان بەهەقیقەتی ڕەها و

---

(٢) محمد ضمیران. گزار از جهان اسطوره به فلسفه. انتشارات هرمس، چاپ اول ١٣٧٩ تهران، ص٥٦.

بانمرۆیی بوونی هیچ هەقیقەتێك نەبوو، هەقیقەت لە ڕوانگەی ئەوانەوە پرۆسەیەکی تەواو مۆری کۆمەڵایەتییە یان دەکرێت بوترێت کە هەقیقەت لە روانگەی ئەوانەوە بریتییە لە پرۆسەیەکی تاکەکەسی-کۆمەڵایەتی، هەر لەو نێوەندەشدا هەقیقەتەکان بەرهەم دەهێنرێن و دەنێردرێنە دەرەوە، نەك بەپێچەوانەوە.

## سەفسەتە، هونەری ڕەوانبێژی

بەپێی ئەوەی پرۆتاگۆراس پێی وایە، فەلسەفە شتێك نییە زیاتر لە هونەرێکی وتاربێژی، یان هونەری باوەڕپێهێنانی زمانەوانی (ئەگەر بێت و لەم بوارەدا لێهاتووییەکت هەبێت، ئەوا لە گفتوگۆدا بەکەڵکت دێت). دەتوانین سەفسەتەش بەجۆرێك لە وتاربێژی دابنێین کە پشت بەگفتوگۆی دیالیکتیکی دەبەستێت، یان بەمانایەکی تر دەتوانین بڵێین بریتییە لە هونەری دواندەری یاخۆ شەڕەقسە. چونکە ئەمەیان لەسەر بنەمای دوو بیرکردنەوەی جیاواز و دژ بەیەك بنیاتنراوە و زەحمەتە پێشبینی بەیەکگەیشتنیان بکرێت.

کەوابوو سەفسەتە دەبێتە ئامازەیەك بۆ بەکارهێنانی ڕێگەکانی یاریکردن بەوشە و دەربڕینەکان و گرتنەبەری لۆژیکی جیا جیا بۆ سەلماندنی بیروباوەڕێکی تایبەت بەخۆت. بەڵام نەك بەو مانایەی کە سەفسەتە ببێتە ئامرازێك بۆ بەلاڕێدابردنی هەقیقەت و یاریکردن بە وشە و زمان لە پێناو خۆدزینەوە لە ئارگیۆمێنتە فەلسەفییەکاندا، لێرەدا سەفسەتە نابێتە جێگرەوەیەکی پوچ و ناڕاستەقینەی هەقیقەتێکی بێ خەوش، یاخۆ تەنیا زمانبازییەکی هەڵەشە و هەڵخەڵەتێنەر، پاساویش بۆ ئەم قسانە، ئەوەیە کە سۆفیستەکان باوەڕیان بەهەقیقەتی ڕەها نەبوو، بەلای ئەوانەوە شتێك لە ئارادا نەبوو پێی بوترێت هەقیقەت.

کاتێکیش کە هەقیقەتێکی باڵا و دوورەدەست بوونی لە ئارادا نییە، ئەوا زمان ڕۆڵی بەرجەستەکردنی هەقیقەت دەگێڕێت، بەدەربڕینێکی ڕوونتر، کاتێك فەلسەفە ئامرازێك نییە بۆ دۆزینەوە و ناساندنی هەقیقەت، ئیدی جگە لە زمان شتێکی دیکەی بەدەستەوە نییە، لێرەدا فەلسەفە بەهەمان ئەو

زمانەی کە هەقیقەتێکی دیاریکراوی پێ دەخولقێنێت، بەهەمان ئەو زمانەش بەرگری لەو هەقیقەتە دەکات.

لەو شوێنەی هەقیقەت دۆزراوەتەوە و هەقیقەتێکی ڕەها بالادەستە، لەوێدا زمان کایەیەکی زۆڵ و درۆزنە، هەر لەو شوێنەشدا زمان لاوازە بەرامبەر بەهەقیقەتێکی سەلمێنراو و حاشا هەڵنەگردا، لە حزوور هەقیقەتێکی ئاوادا زمان هەرچییەك بڵێت، درۆیە و شایانی قبووڵکردن نییە. ئەم قسانەش پێچەوانەکەی لەو شوێنەدا دەبینین کە تێیدا هیچ هەقیقەتێکی ڕەها بوونی نییە و مرۆڤ پێوەری شتەکانە.

سەفسەتە وەك هونەری دواندەری، تەنیا لە دیدی ئەو کەسانەوە سووك و بێ بایەخە، کە باوەڕیان بە هەقیقەت هەیە و هەموو هەوڵێکیشیان بۆ ئەوەیە لەو هەقیقەتە نەچنە دەرەوە، ئەگینا بۆ سۆفیستەکان، ئەوانەی سۆراغکردن و دۆزینەوەی هەقیقەتیان بەئەرکی خۆیان نەدەزانی، بۆ ئەو کاتەی دەوڵەتەشاری ئەسینا کە سیستەمی دیموکراسی تێیدا فەرمانڕەوا بوو، بۆ هاوولاتییەکی ئەسینایی کە ڕاستەوخۆ بەشداربوو لە ژیانی سیاسی ولاتەکەیدا، هیچ کاتێك زمان و هونەری دواندەری بێ بایەخ نییە و سەفسەتەش ئەو ڕووناکبیرییە درۆیینە نییە کە دوژمنە سەرسەختەکەی دیموکراسی ئەسینا، ئەفلاتوون وای ناودەبر.

هەر بۆیەش قسەکردن دەربارەی سەفسەتە وەك هونەری دواندەری و ڕەوانبێژی، بەبێ ئاماژەکردن بۆ ئەو خالانەی سەرەوە، بەتایبەتیش ڕێژیبوونی هەقیقەت لای سۆفیستەکان، کەم و کوڕی زۆری تێ دەکەوێت و دەبێتە ناهەقییەکی گەورەش دەرهەق بەسۆفیستەکان.

ئەو باس و مەسەلانەی سۆفیستەکان هێنایانە ئاراوە، ئەمڕۆ بەلای ئێمەوە باس و مەسەلەگەلێکی بنەڕەتین. سۆفیستەکان مرۆڤیان کردە سەنتەری باسە فەلسەفییەکان، ئەوان بەدەرکردن و دوورخستنەوەی

هەقیقەتی بابەتی، بەدۆڵێکی پڕ مەترسیدا گوزەریان کرد کە بیرمەندانێکی وەك نیچە بەسەدەها ساڵ دوای ئەوان، جا بوێری ئەوەیان پەیدا کرد پێیدا تێپەڕن.

سۆفیستەکان زمانیان کردە مەسەلەیەکی فەلسەفی و لەم ڕێگوزەرەشدا بایەخیان بە تیۆری دەربڕین دا، ڕەخنەگرتن و بەتایبەتیش ڕەخنەی بەهاکانیان خستە ڕوو. ئەوان لە پاڵ فراوانبوونی ڕەخنەییدا، زەمینەی پێشوازیکردن و ڕێزگرتن لە دیدگا جیاوازەکانیان فەراهەم کرد(١).

قبووڵکردن و پێشوازیکردن لە بیروڕای بەرامبەر و بۆچون و ئایدیای جیاواز، سۆفیستەکان لە پێشەوەی ئەو کەسانە بوون کە کاریان بۆ جێکەوتنی ئەم پرەنسیپە کرد لە نێو هزری مرۆڤایەتیدا. ئەوان چۆن باوەڕیان بەوە هەبوو سوود لە هونەری دواندەری و ڕەوانبێژی وەربگرن بۆ ئەوەی بەرامبەرەکەیان بهێننە سەر باوەڕی خۆیان، بەهەمان ئەندازەش ڕێگەیان بەبەرامبەر دەدا کە پەنا بەرێتە بەر هەمان چەك بۆ باوەڕپێهێنانی ئەوان و سەلماندنی بیروباوەڕێکی تایبەت. سۆفیستەکان باوەڕیان وابوو کە دانایی، بەمانای توانایی دێت لە باس و جەدەلدا، بەدەربڕینێکی تر، لە کۆتاییدا پێش هەرشتێکی تر، ئەوەی کە پێویستە و جێگەی مەبەستە، بریتییە لە تواناى باوەڕپێهێنانی ئەوانی تر(٢).

هەروەها ئەگەر بێت و خوێندنەوەیەکی ورد و بێ لایەنانە بۆ فیکری سۆفیستەکان بکرێت، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە سۆفیستەکان، بۆ ئەوە پەنایان نەبردووتە بەر زمان و ڕەوانبێژی تا هەقیقەت بشێوێنن و خەڵکی بەهەڵەدا بەرن، بەڵکو ئەوان لە ڕێگەی زمانەوە دەیانویست وانەیەکی تازەتر فێری مرۆڤایەتی بکەن، وانەیەك دەیەوێت پێمان بڵێت: هیچ

(١) بابك احمدى، كتاب ترديد. ص١٢٨.

(٢) دريوا. هايلند، بنايدهاى فلسفه در اساطير و حيكمت پيش از سقراط. ص٤٠٣.

هـەقـیـقـەتـێکی بـابـەتـی لـە سەرووی ئـێمـەوە بـوونـی نـییـە و هـەقیقـەت ئـەو شتەیە کە لە ناوەوەی ئێمەدایە، ئەو شتەیە کە خۆمان دەیخوڵقێنین و لە ڕێگەی زمانەوە ڕەنگ و بۆی پێ دەبەخشین و لە هەمان کاتیشدا بەرگری لێ دەکەین.

## ئایا عەلی وەردی سۆفیست بوو؟

وەك باسی لێوە کرا، دوای ئەو هەمووە هێرشانەی کە لە لایەن ئەفلاتوون و قوتابییەکانییەوە دەکرێتە سەر سۆفیستەکان، دوای لۆژیکی ئەرستۆتالیسی زاڵ دەبێت و سۆفیستەکان دەخرێنە پەراوێزەوە، ئیدی وشەی (سۆفیست) دەبێتە ناوێکی نەخوازراوی نێو مێژووی فیکر و فەلسەفە و دەبێتە عەیبێك بۆ هەر کەسێکی ئەم ناوەی بەسەردا ببردرێت.

سەرەڕای ئەمانەش، دەبینین کەسێکی وەك عەلی وەردی بەجیاوازییەکی زۆرەوە لە کەسانی پێش خۆی، هەوڵ دەدات بەویژدانێکی تەندروست و زانستییانەوە، باس لە بزووتنەوەی سۆفیستەکان بکات و ئەویش نەچێتە پاڵ ئەوە غەدرەوە کە مێژووی فەلسەفە تا ئێستا دەرهەق بەئەوانی کردووە، ئەم مێژووەش بە پاشەکشەی سەفسەتە و زاڵبوونی لۆژیکی ئەفلاتوونی بەسەریدا، زیانێکی گەورەی بەرکەوت. چونکە هەروەك عەلی وەردی دەڵێت: «ئەگەر بهاتایە و سەفسەتە تا ئێستا بمابایە و بانگەشەشی بۆ لۆژیکی رێژەیی و گۆڕانکاری بکردایە، وەك ئەوەی لە کاتی خۆیدا دەیکرد، لەوانە بوو ئێستا کۆمەڵگەی مرۆییمان بەشێوەیەکی دیکە بدیتبوایە، وەك ئەوەی لە ئێستادا دەیبینین»[١].

کەواتە بەلای عەلی وەردییەوە، باوەڕێك کە سۆفیستەکان لەگەڵ خۆیاندا هێنایان، ئەگەر بهاتایە و زوو شکستی نەخواردبا، ڕەنگبوو توانیبای کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە بەشێکی زۆری ئەو مەینەتی و کارەساتانە دوور بخاتەوە کە ئەقڵە دۆگماکان و بانگەشەکارانی هەقیقەتی ڕەها بەسەریاندا هێنا.

---

(١) د. علي الوردي. مهزلة العقل البشري. الطبعة الاولى ٢٠٠٣، دار الوراق للنشر، لندن. ص١٦.

چونکە بەباوەڕی عەلی وەردی، سۆفیستەکان نزیکتر بوون لە لۆژیکی ژیانی واقیعی، بەبەراورد لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، ئەوان دەیانگوت هەقیقەتی ڕەها نییە و هەموو شتەکان ڕێژەیین. هەروەها ئەوەی بەلای هەندێك خەڵکەوە ڕەوایە بەلای هەندێکی دیکەوە ناڕەوایە. هەر بۆیەش وەردی دەڵێت: «چاوەڕوان دەکرا هێزی کۆمەڵایەتی لەسەر دەستی سۆفیستەکان پێشکەوتنی زیاتری بەخۆیەوە دیتبا، وەك لەسەر دەستی فەیلەسووفانی دیکە بینرا، بەڵام بەداخەوە ئەوان واتە سۆفیستەکان لە شەڕەکەیاندا شکستیان خوارد و فەیلەسووفانی زانست بەسەریاندا سەرکەوتن[٢].

عەلی وەردی تا ئەو ڕادەیە لەگەڵ فیکری سۆفیستەکان تەبایە کە لە شوێنێکدا خۆی ڕووبەڕووی پرسیارێك دەکاتەوە و دەڵێت: «ئەگەر بێت و لێم بپرسن ئایا تۆ سۆفیستایی؟ لە وەڵامدا دەڵێم من کەسێکی سۆفیستایی و لەهەمان کاتدا ئەقڵانیشم، باشی هەموو شتێکیش لە میانڕەویدایە.»[٣].

لێرەشەوە عەلی وەردی، جارێکی دیکە ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە لە دادوەریکردنماندا لە نێوان ئەم دوو ئاراستە فیکرییەدا نابێت بڕیاری یەکلاییکەرەوە بدەین و بەهەمان شێوە بانگەشە بۆ وتنی جۆرێك لە هەقیقەت بکەین، بگرە دەبێت هەمیشە پانتایی مەعریفە بەکراوەیی بەجێ بهێڵین و ڕێگە بەهاتنە ژوورەوەی ئاراستە جیاجیاکانی دیکەی زانستی و فیکری بدەین بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی مەعریفەیەکی پێشکەوتووتردا.

هەروەها شتێك کە زۆر پاڵی بەوەردییەوە ناوە تا بەرگری لە سۆفیستەکان بکات و تەنانەت شانازیش بەناوی سۆفیستاییەوە بکات،

---

(٢) د. علي الوردي. منطق ابن خلدون. الطبعة الثانية ١٩٩٤، دار كوفان، لندن. ص١٧.

(٣) د. علي الوردي في البشرية. تقديم: سعد البزاز، الناشر مؤسسة المحبين. ص٦٨.

پیّ هەڵبڕینی لە ڕادەبەدەری ئەو کەسانەیە کە باوەڕیان بەتواناکانی ئەقڵ و لۆژیکی ئەقڵانی هەیە لە شکاندنی هەموو سنوورەکانی مەعریفە و پەڕینەوە بۆ ئەودیو پەردەی نهێنییە شاراوەکان و بەدەستهێنانی هەقیقەتی رەها.

چونکە ئەو پێی وایە ئەقڵیش سنوورێکی دیاریکراوی هەیە و لە راستیدا دەوەستێت، بەلای ئەو کۆمەڵناسە عێراقییەوە، ئەقڵی مرۆڤ بەڕادەی ئەوەی کەوا مەزنە و توانای داهێنان و ئەفراندنی هەیە، بەهەمان ئەو ڕادەیەش تەسکە و لە گەلێك ڕووەوە بیّ دەسەلاتە[٤]. کە لە بەشی داهاتووی ئەم لێکۆڵینەوەیە زیاتر باس لەم مەسەلەیە دەکەین.

هەروەك چۆن عەلی وەردی سەبارەت بەوەی کە بتوانێت هەقیقەت بەرهەم بهێنێت، دەڵێت: «گرینگترین ئەو ڕۆڵانەی مرۆڤ پێی هەڵساوە، لە نێو ئەوانیشدا ئەقڵانییەکان، بریتییە لە دروستکردنی گفتوگۆ و شەڕەقسە، ئەوەشی زانرابێت دەربارەی شەڕەقسە لە نێوان دوو کەسدا ئەوەیە کە بەرێککەوتن و بەیەکگەیشتن کۆتایی نایەت، زۆر بەدەگمەن نەبێت. چونکە هەریەك لەوان پێی وایە بیروڕاکانی ئەو ڕاستترە و بەڵگە و پاساوەکانیشی لە هی بەرامبەرەکەی بەهێزترن، لە کۆتاییشدا هەریەکەیان پێی وایە ئەو سەرکەوتووە بەسەر بەرامبەرەکەیدا[٥].

لێرەدا ئەگەر بێتو سەرنج بدەین، دەبینین عەلی وەردیش بەهەمان ئەندازەی سۆفیستەکان، مەسەلەی زمان و قسەکردن و دیالۆگی بەلاوە گرینگ بووە و بەفاکتەرێکی سەرەکی زانیوە بۆ خوڵقاندن و بەرگریکردن لە هەقیقەتە کۆمەڵایەتییەکان و هەقیقەتەکانی نێو زیهن و بیری مرۆڤایەتی.

(٤) د. علي الوردي في الطبيعة البشرية. تقديم: سعد البزاز، الناشر مؤسسة المحبين. ص١٣٠.

(٥) هـ.س. ل٦٩.

گفتوگۆیەك كە ڕەنگە بتوانێت فەزای مەعریفە فراوانتر بكات و باس و مەسەلەی زیاتر بهێنێتە گۆڕێ، بەڵام بەهیچ شێوەیەك ناتوانێت بەشداری لە خوڵقاندنی هەقیقەتێكدا بكات كە هەموو لایەك لەسەری كۆك بن و تێكڕا پەیڕەوی لێ بكەن.

كاتێكیش دەبینین عەلی وەردی باس لە سەركەوتنی فەیلەسووفەكان دەكات، لە ناویشیاندا ئەفلاتوون و هاوڕێ و قوتابییەكانی، هۆكارەكەی دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی كە ئەو فەیلەسووفانە خەڵكانێكی ئەرستۆكرات و خاوەن نفوز و پێگەی كۆمەڵایەتی بەرز بوون لە كۆمەڵگەدا، بەڵام هەرچی سۆفیستەكان بوون، ئەوا كەسانێكی غەریب بوون و لە ڕێگای فێركردنی خەڵكەوە نانی ڕۆژانەیان پەیدا دەكرد. وەردی دەڵێت: ئەو سەركەوتنەی فەیلەسووفەكان، وایكرد فەلسەفە بە تەنیا ببێتە پیشە و تایبەتمەندی كەسانێكی دەوڵەمەند و ئەرستۆكرات لە چینەكانی سەرەوەی كۆمەڵگەدا بەجۆرێك كە خەڵكی ئاسایی و ڕەش و ڕووت نەتوانن قسە لە فەلسەفە بكەن.

ئەمە وایكرد بیركردنەوەی واقیعییانەی كۆمەڵایەتی، ببێتە شتێكی ناوازە لە نێو كەلەپووری فەلسەفەی كۆندا. فەلسەفەی كۆن بە تەنیا سەرقاڵی ئەوەبوو كە بزانێت چی لە پشت ژیان و كۆمەڵگەوە هەیە لە نموونەی فیكر و بیركردنەوە ڕەهاكان. ئەگەر لە ناویشیاندا فەیلەسووفێك هەڵكەوتبێت كە دابەزێتە سەر ئاستی كۆمەڵگەو لە كۆمەڵ دوابێت، دەبینین بەجۆرێكی خەیاڵی و واعیزانە دواوە و لەو ڕووەوە قسەی كردووە كەچی پێویستە ببێت، نەك ئەوەی كە بۆ خۆی هەیە. وەك ئەوەی لە كۆماری ئەفلاتووندا دەیبینین، یان لە مەدینە فازیلەكەی فاراب دا[٦].

لە چاكییەكانی سەفسەتە بەلای وەردییەوە، ئەوەیە كە دووڕوو و درۆزن

---

(٦) د. علي الوردي. منطق ابن خلدون. ص١٨.

نییە و بەشێوەیەکی تیۆریی و کردارەکییانە باوەڕی بەهەقیقەتی ڕێژەیی هەیە، هەرچی کەسانی سەر بەلۆژیکی کۆنن، ئەوا لە ڕووی تیۆریەوە باوەڕیان بەهەقیقەتی ڕەها هەیە بەڵام لە پراکتیکدا پێچەوانەی ئەمە هەڵسوکەوت دەکەن(٧). بۆ سەلماندنی ئەم نموونەیەش عەلی وەردی نموونەی دادگەکان و بەرزکردنەوەی داوامان دەهێنێتە بەرچاو لە دادگەکاندا، کە چۆن هەر کەس و لایەنێك خۆی بەخاوەن هەق دەزانێت و پێی وایە داواکارییەکەی خۆی ڕەوایە، وە ئەگەر هاتوو بڕیاری دادوەریش لە بەرژەوەندی ئەودا نەبوو، ئەوا دەڵێت ئەمە دادگەیەکی نایەکسان و ناڕەوایە و مافی من تێیدا خوراوە، ئەگەر لە بەرژەوەندیشیدا بێت ئەوا دەڵێت، بەڕاستی دادوەرێکی دادپەروەر و دادگەیەکی هەق و یەکسان بوو!

مەسەلەی باوەڕبوون بەهەقیقەتی ڕێژیی لای سۆفیستەکان، خاڵێکی زۆر جەوهەرییە کە سەرنجی عەلی وەردی بەلای ئەواندا ڕاکێشاوە، وەردی لە هەموو کتێبەکانی خۆیدا بەشێوەیەکی توند و زۆرجاریش گاڵتەئامێز، لە بارەی ئەو هەقیقەتانەوە قسە دەکات کە لە ناو خەڵك و لە نێوەندە کۆمەڵایەتییەکاندا، جێگای باوەڕ و بایەخپێدانی لە ڕادەبەدەری خەڵکین.

ئەو هەمیشە ڕەخنە لە هەقیقەتێکی کۆمەڵایەتی دەگرێت کە جێگیر و ڕەهایە و نایەڵێت کۆمەڵگە لە دۆخی سەقامگیری خۆیدا رووە و گۆڕان و پێشکەوتن بجولێتەوە، ئەو هەقیقەتە ڕەها و دۆگمەی دەستی ناوەتە بیناقاقای هەموو فیکر و ئایدیایەکی پیشکەوتن خوازی لە کۆمەڵگەدا.

ناوبراو زۆر دژی بیرکردنەوەی رەها و لۆژیکی ڕەش و سپی بووە، بەلای وەردییەوە شانازییە کە بچێتە سەنگەری سۆفیستەکانەوە بۆ دژایەتی کردنی ئەو کەسانەی بەم لۆژیکە بیردەکەنەوە و هەڵسوکەوت دەکەن. وەردی دەڵێت: «مامۆستا مەرتەزا عەسکەری، کتێبێکی نووسی بەناوی

(٧) د.علي الوردي . مهزلة العقل البشري. ص١٤٧.

«لەگەڵ دکتۆر عەلی وەردیدا»، ئەو لە کتێبەکەی خۆیدا من بەوە تاوانبار دەکات، گوایە مەیلم بەلای سەفسەتەدا دەچێت و بانگەشەی بۆ دەکەم و بەرگری لێ دەکەم، ئەو ڕەنگە لە لای خۆی وایدانابێت کە من لە بەرامبەر ئەم تۆمەتەدا بەرگری لە خۆم دەکەم و هەوڵ دەدەم خۆم بێ بەری لەم مەسەلەیە نیشان بدەم، لە کوێ بزانێ کەوا من شانازی بەوەوە دەکەم ببم «بەسۆفیستایی»، بەلای منەوە سەفسەتە زۆر لەو ترۆهاتە لۆژیکیانە چاکترە کە هەندێك کەسی خاوەن لۆژیکی کۆن پێڕەوی لێدەکەن[٨].

(٨) هـ.س.پ. ل١٤٧.

بەشی دووەم

# ئەقڵ و میتۆدی ئەقڵانی لە لای عەلی وەردی

## هەڵوێستی عەلی وەردی دەربارەی ئەقڵ

عەلی وەردی بەهەمان باوەڕی سۆفیستەکانی پێی وابوو، (وەزیفەی ئەقڵ بریتی نییە لە گەیشتن بەهەقیقەت وەك ئەوەی ئەقڵانییە دێرینەکان لێی تێگەیشتوون، بەڵکو وەزیفەی ئەقڵ بریتییە لە یارمەتیدانی مرۆڤ لە ململانێی مانەوەدا. چونکە مرۆڤ ئاژەڵێکە بەرلەوەی مرۆڤ بێت.)(١)

واتە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانە و بوونی کۆمەڵایەتیدا، بەپلەی یەکەم و لە پێشەوەی هەموو شتێکدا پێویستی بەئەقڵ دەبێت وەك پێداویستییەکی سەرەکی بۆ ژیان و مانەوە، نەك ئەوەی ئەقڵ لای مرۆڤ یەکسان بێت بەئامرازێکی ڕووت بۆ گەڕان و سۆراغکردنی هەقیقەت. لێرەدا وەك هەستی پێ دەکەین، عەلی وەردی دەیەوێت وەکو خۆی واتا وەك ئەوەی کە هەیە و هەستی پێ دەکرێت باس لە ئەقڵ و تواناکانی ئەقڵی مرۆڤ بکات و ئێمە لەو وەهمە ڕزگار بکات کە بەرامبەر بەئەقڵ و هەقیقەت لامان دروست بووە و بەیەك چاو سەیری زانست ئەقڵ و هەقیقەت دەکەین.

عەلی وەردی کاتێك دێت ڕەخنە لە ئەقڵ دەگرێت، سەرەتا بەم دانپیانانە دەست پێ دەکات و دەڵێت: «ئەقڵی مرۆیی شتێکی مەزن و داهێنەرە، ئەقڵە توانیویەتی ئەم شارستانییەتە سەیروسەمەرەیە بهێنێتە دی کە ئەمڕۆ دەیبینین، بەڵام لە هەمان کاتیشدا خاوەن مەزنی و داهێنانێکی ڕەها نییە و سنوورێکی دیاریکراوی هەیە و لە ئاستیدا دەوەستێت.»(٢)

---

(١) د. علي الوردي في الطبيعة البشرية. تقديم: سعد البزاز، ص١٣٠.

(٢) هـ.س. ل٦٨.

وەردی بەر لەوەی ڕەخنە لە ئەقڵ بگرێت و کەموکوڕییەکانی بخاتەڕوو، باسی لە مەزنی و داهێنەری ئەو ئەقڵە کردووە، ئەو ئەقڵ وەك بەهرەیەکی مرۆیی تەماشا دەکات کە وەك باقی بەهرەکانی دیکەی مرۆڤ، لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤیشی هەیە، بەشێوەك کە مەزنی و باشییەکانی ئەم ئەقڵە نەیتوانیوە ڕێگە بەدەرکەوتنی لایەنە خراپەکانی بگرێت، یان بەدەربڕینێکی تر دەتوانین بڵێین، هەمان ئەو ئەقڵە لە جێگەی خۆیدا، بەئەندازەی ئەوەی کە دەتوانێت مەزن و داهێنەر بێت بەهەمان ئەندازەش دەتوانێت لاواز و ڕوخێنەر بێت!

لەم بارەیەوە عەلی وەردی باس لەو ڕۆڵە دەکات کە ئەقڵ پێی هەڵدەستێت، بەتایبەتیش لای ئەقلانییەکان، ئەویش بریتییە لە ڕۆڵی ئەقڵ لە دروستکردن و هێنانەکایەوە دیالیکتیك و گفتوگۆدا، گفتوگۆیەك نەك بەئاراستەی پێکهێنانی دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و گوێگرتن لە بەرامبەر، بگرە بە ئاراستەی سەلماندنی ئەو شتەی کە لە لایەن ئەقڵەوە وەك هەقیقەت دەناسرێت و لەو پێناوەشدا بانگەشە بۆ وتنی ڕاستی و هەقیقەت دەکرێت، لەو حاڵەتەدا هەموو کەسێك پێیوایە هەقیقەت لای ئەوە و هەر ئەوەش دروستە کە ئەو هەڵوێستی لە بارەوە گرتووە و بەرگری لێ دەکات. لەم بارەیەشەوە وەردی دەڵێت: «مرۆڤ لەم جۆرە باس و گفتوگۆیانەدا، خۆی وانیشان دەدات گوایە، بەدوای ڕاستییەکانەوەیە و هەموو هەوڵێکی بۆ دۆزینەوەی هەقیقەتە، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو هەوڵەکەی بۆ ئەوەیە تا بەسەر بەرامبەرەکەی یاخۆ دژەکەیدا سەرکەوێت، چونکە پێی وایە ئەگەر بیدۆڕێنێت و کۆتایی باسەکە لە بەرژەوەندی ئەودا نەبێت، ئەوا دەبێتە مایەی ئەوەی کە لە ڕوانگەی دەوروبەرەکەیەوە، پێگە کۆمەڵایەتییەکەی بێتەخوارەوە، ئەمەش شتێکە هەرگیز ناتوانێت بەرگەی بگرێت»(٣)

---

(٣) هـ.س.پ. ل٦٩.

لەم حاڵەتەدا کە وەردی باسی دەکات، تواناکانی ئەقڵ بەیەك ئاراستەی دیاریکراودا دەکەونە کار، ئەویش هەوڵدانە بۆ زاڵبوون بەسەر بەرامبەردا و سەرخستنی ئەو شتەیە کە تۆ پێت وایە ڕاستە، مەترسییەکانی ئەو ئەقڵەش لەو لۆژیکەوە دەردەکەوێت کە کاری پێ دەکات، لۆژیکێك بۆ سەلماندنی خۆی و دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی، ئامادەیە پەنا بەرێتە بەر هەموو ڕێگە و شێواز و ئامرازێك، ئەقڵێك ئەوەندە شانازی بەگەورەیی و مەزنی خۆیەوە بکات، بواری تێگەیشتنی ئەو شتانەی نییە کە توانای بەسەریاندا ناشکێت و دەستی پێیان ڕاناگات، هەروەك چۆن توانای بینین و هەستکردنی بەلاوازی و هەڵەکانیشی نابێت و ئامادەیە بەهەموو شێوەیەك قەرەبووی ئەو لاوازی و کەموکوڕیانە بکاتەوە کە لە خۆیدا دەیبینێت، جا بەهەر نرخێك بێت و ئامراز و ڕێگەکان هەر چۆنێك بن، نموونەی ئەوەشمان لە مێژووی مرۆڤایەتیدا زۆرە کە تێیدا ئەو ئەقڵە بەو خۆبەزلزانییە خۆیەوە و ئەو ئەقڵانییەتە بەو هەموو شکۆمەندیانەیەوە کە هەیبووە و هەیەتی، پەنای بردووەتە بەر نائەقڵانییەت و هێزەکانی ناو دنیای تاریکی و بەربەریزم، لە نموونەی جەنگە گەورەکان و ئەو تاوانانەی کە لە سەرەتای مێژووی مۆدێرنەوە تاکو ئەمڕۆ دەرهەق بەمرۆڤایەتی ئەنجام دراون.

ترسی وەردی لە بەسێنتەربوونی ئەقڵ و زیادڕۆیکردن لە ئایدۆلۆژیاکانی نێو دنیای ئەقڵانییەتە، نیگەرانی وەردی لەو لۆژیکەیە کە هەموو شتێك دەکاتە قوربانی شتێکی دیاریکراو، شەڕی وەردی لەگەڵ ئەو ئەقڵانییەتەیە کە خەریکە وەك بووت مامەڵە لەگەڵ ئەقڵ و دەستکەوتەکانی ئەقڵدا دەکات.

بەباوەڕی عەلی وەردی، ئەقڵی مرۆڤ تواناییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە بۆ دۆزینەوە و داهێنان، داهێنەرە لە هەموو ئەو بوارانەدا کە دەتوانن خزمەت بەمانەوەی مرۆڤ بکەن و یارمەتی بدەن لە ململانێی مانەوەدا،

سەرەڕای ئەمانەش، ئەقڵێکە ناتوانێت درك بەو هەقیقەتە بکات کە لە بەرژەوەندی خۆیدا نییە، ئەقڵێکە ناتوانێت خاوەن خوێندنەوەیەکی بێلایەن بێت بۆ هەقیقەت و پرۆسەی بەرهەمهێنانی مەعریفەدا، بەجۆرێك بەشداری کردنی ئەو لەم پرۆسانەدا، تەنها لە چوارچێوەی چەند بەرژەوەندییەکی تایبەتیدا دەخولێتەوە و بەو ئاقارەدا دەڕوات کە بە تەنیا پەسندی خۆیەتی.

بۆیە ئەو ئەقڵە، هەرچەندە مەزن و داهێنەریش بێت، بەلای وەردییەوە، ناتوانێت ئەو مەزنییەی خۆی لە هەموو بوارەکاندا تاقی بکاتەوە و بەسەر کەموکوڕییەکاندا زاڵ بێت، چونکە دواجار خاڵێکی دیاریکراو هەیە کە ئەو ئەقڵە هەمیشە وەك سەرەتا بۆی دەگەڕێتەوە و بازنەیەك بەدەوری خۆیدا دەکێشێت، ئیدی ئەو بازنەیە سنووری ئەوە و دەرخەری سروشتی ئەقڵی مرۆڤایەتییە، لە نێو ئەو بازنەیەدا ئەقڵ بەخاوەنی هەموو شتەکان دەزانێت و ڕادەی شانازیکردنی بەخۆیەوە لە تام دەردەچێت، لەوێدا ئەو خۆی لێ دەگۆڕێت و نایەوێت دان بەشتێکدا بنێت کە نایزانێت و پێشتر نەیبیستووە یان دەتوانین بڵێین، هەموو ئەو شتانەی کە ئەقڵ توانای بەسەریاندا ناشکێت و لە هەقیان نایەت، بابەت و شتەگەلێکی خورافی و هیچ و پوچن و هیچ بنەمایەکی زانستی و ئەقڵانییان نییە. لێرەوە عەلی وەردی دێت باسی ئەو شتانەمان بۆ دەکات کە دەکەونە دەرەوەی ئەم بازنەیەوە و هەرگیز ناتوانین لە ڕێگەی ئەقڵەوە درکیان پێ بکەین، یاخود ئەقڵی ئێمە لە ناوەوەی بازنەکەوە دەرفەتی بینین و هەستکردن بە دونیای دەرەوەی بازنەکەی لێ زەوت کردووین.

نەست یان نائاگایی، ئەو بابەتەیە کە لە لایەن عەلی وەردییەوە بایەخێکی زۆری پێدراوە و هەمیشە وەك لایەنی گرینگی کەسایەتی مرۆڤ ناوی هێناوە کە هیچی کەمتر نییە لە ئەقڵ و بایەخ و توانایەکەشی ئەگەر لەو زیاتر نەبێت کەمتر نییە، وەردی لە زۆربەی کتێب و نووسینەکانی

خۆیدا، باسی لە گرینگی و چالاکی ئەو لایەنە کردووە لە ژیانی تاك و کۆمەڵگەدا، بەلای ئەوەوە دیاردە نەستییەکان دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە بەسەر زیهن و رفتاری تاکەکانەوە، هەروەها زۆرێك لەو شتانەش کە ئەقڵ لە ئاست ناسین و کەشفکردنیاندا دەستەوەستان دەمێنێتەوە، لە رێگەی نەستەوە دەتوانرێت کاریان لەسەر بکرێت.

لێرەدا نابێت ئەوەش لە یاد بکەین کە ڕەخنەکانی عەلی وەردی لە ئەقڵ و لۆژیکی ئەقلانی کۆن، ئەو ناکەنە کەسێکی نائەقەڵانی و دژی ئەقڵ، بگرە بەپێچەوانەوە قسەکردنی ئەو بەم شێوەیە لەسەر ئەقڵ، هەوڵێکە بۆ داتەکاندنی ئەقڵ لە تەپوتۆزی دۆگماتیزم و پاراستنێتی لە خەوشداربوون.

هەروەك خۆشی دەڵێت: «ڕەخنە و هێرشەکانی من بۆ سەر ئەقڵ، مانای ئەوە نییە کە بەیەکجارەکی لە ژیانی خۆمانی دوورخەینەوە، بەڵکو چەند جاری دیکەش وتوومە و دیسانیش دووپاتی دەکەمەوە کە ئەقڵ زۆر مەزنە، بەڵام کێشەی ئێمە لەگەڵیدا ئەوەیە کە لە هەموو شتێکدا بەکاری دەهێنین، تەنانەت لەو لایەنانەشەوە کە بەشێوەیەکی زانستی بۆمان دەرکەوتووە کەوا ئەقڵ تێیاندا دەستە وەستانە و هیچی پێ ناکرێت.»

## عەلی وەردی و ڕەخنە لە ئەقڵانییەت

عەلی وەردی پێی وایە دوو لۆژیك یاخۆ دوو میتۆد هەیە بۆ بیرکردنەوە، یەکیان ناودەبرێت بە لۆژیکی ئەقلانی یان «الاستنتاجي» و ئەویکەشیان ناودەبردرێت بەلۆژیکی زانستی «الاستقرائي». بەلای ئەم کۆمەڵناسەوە، لۆژیکی ئەقڵانی کە یۆنانییەکان پەرەیان پێدا، لە کات و سەردەمی خۆیدا، جوڵانەوەیەکی پێشکەوتووخوازی بوو، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات، ئەویش وەك هەریەکە لە شۆڕش و بزاڤە پێشکەوتوو خوازییەکانی دیکەی مێژوو، گۆڕا بۆ جوڵانەوەیەکی کۆنەپەرستانە.

ئەو لۆژیکی ئەقڵانییە لە کات و ساتی خۆیدا، شۆڕشێك بوو بەسەر بیرکردنەوەی میتۆلۆژیدا، کەچی لە پاشاندا بۆ خۆی بوو بەڕێگر لە بەردەم بیکردنەوەی زانستیدا.

کەموکوڕییەکانی ئەم لۆژیکە ئەوەیە کەوا «الاستنتاجی»یە، واتا ئەو بیروباوەڕانەی کە دەیەوێت، لە کۆیەیکی ئەقڵی گشتییەوە بەدەستیان دەخات یان بەرهەمیان دەهێنێت. لەم لۆژیکەدا کۆمەڵێك شت هەیە وەك تەرزێکی سەرەکی بیرکردنەوە، کەسانی سەر بەم لۆژیکە لەسەری تەبان و پێیان وایە گومان لە ڕاستی و دروستیاندا نییە، بۆ هەموو شتێکیش لە پێشدا ئەنجامێکی دیاریکراو دەدەنە دەستەوە کە لەسەر بنەمای هێڵە گشتییەکانی جۆرە بیرکردنەوەیەکی دیاریکراودا بنیات نراوە.

عەل وەردی لە شوێنێکدا باس لە هەڵوێستی ئەقڵانییەکان دەکات و دەڵێت: «ئەقڵانییەکان دەڵێن ئێمە ناتوانین ئەقڵ کوێر و پێوەند بکەین بەشارەزاییە هەستییەکانەوە، یاخۆ شارەزاییەکانی هەست، چونکە ئەم

شارەزاییيە لەگەڵ گۆڕانی ئەو واقیعەی کە تێیدا دەژین، ئەویش گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەمەش وادەکات کە ئەم ڕەهەند و بنەما جێگیرانە لە دەست بدەین کە پێوەرە فیکرییەکانی خۆمانی لەسەر بنیات دەنێین»، وەردی پێی وایە ئەقڵانییەکان بەم نارەزاییەی خۆیان، دەیانوێت راستی و دروستی هەقیقەتە ڕەهاکان نیشان بدەن کە ئەقڵی ئەبستراکت لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێت(١).

لە لای خۆیەوە، عەلی وەردی ئەو بۆچوونە ڕەتدەکاتەوە و پێی وایە پڕە لە هەڵە و نادروستی، ئەو لەگەڵ ئەقڵانییەکان تەبایە لەسەر ئەوەی کەوا هەقیقەتێکی رەها لەم گەردوونەدا هەیە، بەڵام لە چۆنیەتی گەیشتن پێی لەگەڵیاندا ناکۆکی هەیە، ئایا دەتوانین لە ڕێگەی ئەقڵێکی ئەبستراکتەوە پێی بگەین یان بەگرتنەبەری ڕێوشوێنی هەست و شێوازی پراکتیکی؟

عەلی وەردی بەتەنزەوە رەخنە لەو هەقیقەتە ڕەهایە دەگرێت کە ئەقڵانییەکان لە ریگەی بیرکردنەوەیەکی ئەبستركتەوە پێی گەیشتوون، وە پێی وایە ئەوەی ئەوان لە وەهم و خەیاڵێکی ڕەهاوە نزیکە وەك ئەوەی هەقیقەتی ڕەها بێت، کاتێك دەبینین لە نێو کتێبەکانی خۆیاندا کۆمەڵێك چەمك و دەستەواژەی ئاڵۆز و ناڕوونیان داهێناوە کە هیچ مانایان نییە و سەر لە خوێنەرێکی ئاسایی تێك دەدەن.

وەردی دوای ئەوەی رەخنە لە هەڵویستی ئەقڵانییەکان و ڕێبازی بیرکردنەوەیان دەگرێت، وەك بەراوردکارییەك دێتە سەر باسکردنی (سکێپتیسیزم-گومانکردن Scepticism(٢) لە ڕێبازی بیرکردنەوەی

(١) د. علي الوردي. الاحلام بين العلم و العقيدة. الطبعة الثانية ١٩٩٤، دار كوفان-لندن، ص٢٠٩.

(٢) سکێپتیسیزم Scepticism ، لە فەلسەفەدا وەك دراوێکی جێگیر و پتەو وایە، چونکە گومان خاسیەتێکی بنەڕەتی هەموو گومانکەرێکە و لە ڕاستیدا دەتوانین هەمیشە ڕووبەڕووی هەموو شتێکی بکاتەوە، لەبەرئەوە شتێکی ئاساییيە کە سکێپتیسیزم =

فەلسەفیدا. وەردی باس لەوە دەکات کە لە بەرامبەر ئەقڵانییەکاندا گرووپێکی دیکە لە فەیلەسووفان سەریان هەڵدا کە «بەسکێپتیسیزم، اللاادرین، گومانکەرەکان» ناسرابوون، ئەوانە پێیان وایە بەهیچ شێوەیەك لە توانای ئەقڵی مرۆڤدا نییە کە پەی بە هەقیقەتی رەها ببات. لە بەرامبەری ئەم بۆچوونەشدا ئەقڵانییەکان بەتوندی لە دژیان دەوەستنەوە.

ئەقڵانییەکان وەك بینیمان، باوەڕی لە ڕادەبەدەریان بەتواناکانی ئەقڵ هەیە بۆ دۆزینەوە و کەشفکردنی هەقیقەتی ڕەها لە تاکە یەك ڕوانگەوە، لە بەرامبەردا گومانکەرەکان پێچەوانەی ئەمە دەبینن، بەلای ئەوانەوە هەقیقەتی ڕەها بەدەرە لە چوارچێوەی تێگەیشتنی ئەقڵ، لەم لایەنەشەوە هەموو ئەوەی کە ئەقڵ دەیتوانێت، بریتییە لە تێگەیشتن لە دیاردە ڕووکەشەکان، بەجۆرێك کە زۆر دوورترە لە هەقیقەتی بوون(٣).

لەم ڕووەشەوە گومانکەرەکان بەو دەرئەنجامە گەیشتن کە بڵێن، هەموو

= وەك ڕێبازێکی فەلسەفی بەبێ هیچ گرفتێك تا ئێستاکە توانیویەتی بمێنێتەوە. یەکێك لە گومانکارە بەناوبانگەکان میکایل مۆنتاین ١٥٣٣–١٥٩٢ بوو، ئەو دەیگوت:" ئەو کاتە فێری چۆنیەتی ژیانمان دەکەن کە ژیان بەسەر چووبێت". بەسەدان قوتابی ئەریستۆتالیس شێتبوون تاوەکو گەیشتنە بەشی" ژیانی مامناوەندی" یەکەی سۆکرات، کەچی ئەو دواتر هات و گوتی:" هەموو ژیان قسەیە، من هەتاوەکو ئێستاکە هیچ کەسێکم نەبینیوە کە قسەی زۆری نەکردبێت و کەم بێ دەنگ بووبێت، نیوەی ژیانمان بەقسەکردنەوە دەڕوات".

(.... بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێمەی مرۆڤ ناتوانین بگەینە یەقینێك، ناتوانین وەڵامێکی پڕاوپڕ و ڕاستی نهێنی سروشت و گەردوون بدۆزینەوە، ئەم جۆرە ڕوانگەیەش لە جیهانی فەلسەفەدا پێی دەگوترێت: "سکێپتیسیزم"..... فەرهەنگی سۆفیا، ئۆتەبیوهەمە. و: بەهرۆز حەسەن، دەزگای سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٣، ل١٢١،١٢٢.

(٣) د. علي الوردي. الاحلام بين العلم والعقيدة. ص٢١١.

ئەو بیروباوەر و فیکرانەی مرۆڤ هێناویێتە ئاراوە، ڕێژەیین و شتێك لە بارەی هەقیقەتی ڕەهاوە نازانن، کەواتە بیرمەندێکی ئازاد هیچ شتێکی لە ئەستۆدا نییە، جگە لەوەی کە وەك تەماشاچییەك بەدیار ئەو فیکرە جیاوازانەوە بوەستێت و پێیان پێ بکەنێت.

لێرەشەوە دەمەوێت جارێکی دیکە ئەوە بیربخەمەوە کە عەلی وەردی دژی ئەقڵ نییە لە جەوهەردا، کێشەی وەردی لەگەڵ ئەقڵانییەتی کۆن لەسەر ئەوەیە، ئەم ئەقڵانییەتە راستەوخۆی بەئاراستەی گەیشتن بە هەقیقەتی ڕەها کار دەکات، ئەقڵانییەتێك تەنیا دان بەیەك تاکە هەقیقەتدا دەنێت، ئەویش ئەوەیە کە خۆی دەیبینێت و لە بەرژەوەندی خۆیدایە.

## له نێوان میتۆدی ئەقلانی و میتۆدی زانستیدا

له درێژەی ئەو قسەوباسانەدا کە عەلی وەردی سەبارەت بەئەقڵ و لۆژیك ئەنجامی داون، جیاوازیکردنە لە نێوان میتۆدی ئەقلانی و میتۆدی زانستیدا، واتا جیاوازی لە نێوان بیرکردنەوەیەك کە ئەقلانییە لەگەڵ بیرکردنەوەیەکی زانستیدا، ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی ڕوون لە باس و ئەرگیۆمێنتسازییەکانی ئەم کۆمەڵناسە عێراقییە دەردەکەوێت.

وەردی پێی وایە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان میتۆدی ئەقلانی و میتۆدێك کە زانستییە. ئەو دەڵێت: زۆر کەس بەم جیاوازییە نازانن یاخۆ باوەڕیان پێی نییە. بەلای ئەوانەوە ئەوەی ئەقڵ دەیڵێت هەمان ئەو شتەیە کە زانست باسی لێوە دەکات، ئەم باوەڕەش ئەوانی دووچاری هەڵەی زۆر کردووەتەوە.

عەلی وەردی دەڵێت، خەڵکی لە قسەوباسەکانی خۆیاندا، کاتێك ناوی ئەقڵ دەبەن مەبەستیان هەر ئەوەیە کەوا لە تێگەیشتن و پێوەر و گشتە ئەقڵییەکانەوە پێکیان هێناوە، هەر لەبەر ئەمەشە، هەموو شتێك بەدرۆ دەخەنەوە کە لەگەڵ ئەو پێوەر و تێگەیشتنانەی ئەواندا ناگونجێت. لە هەمان کاتیشدا زانستی تازە ئەو پێشکەوتنە سەیرەی بەخۆیەوە نەدەدیت کە ئێستا دەیبینێت، تەنیا لەو کاتەدا نەبێت کە ئیدی ناڕاستی میتۆدی ئەقلانی کۆنی بۆ دەرکەوت و میتۆدێکی تازەی داهێنا کە بەجێگەی پێوەر و گشتاندنە ئەقڵییە دروستکراوەکان، پشت بەلێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی بابەتی دەبەستێت.

جیاوازی زانست لەگەڵ هەر بابەتێکی دیکەی کە ئەقڵ باوەڕی پێی هەیە، لەوەدایە، کەوا لە زانستدا کۆمەڵێك پرەنسیپ و بنەما هەیە، لە ڕێگەی

تاقیکردنەوە و توێکاری زانستییەوە بەدەست هاتوون و پشت بەستوون بەکۆمەڵێك مەرج و گریمانەی واقیعی و ئەزموونکراو بەمیتۆدی زانستی باوەڕپێکراو. بەگشتی چوارچێوە و بنەماکانی زانست ڕوون و ئاشکرایە و لە چوارچێوەی میتۆدێکی زانستیدا کار دەکات و ڕێوشوێنی تایبەت بەخۆی دەگرێتە بەر بۆ سەلماندن و ڕوونکردنەوەی هەر بابەتێکی مەبەستی بێت. بەڵام هەرچی پەیوەندی بەئەقڵەوە هەیە، ئەوا لێکدانەوەیەکی جیاوازی پێویستە، ئەو شتانەی ئەقڵ باوەڕیان پێ دەهێنێت، مەرج نییە شتێك بێت بەتەواوەتی لە دژی زانست و بیرکردنەوەی زانستیدا بوەستێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانێت جیاواز بێت لەگەڵ ئەوەی کە زانست سەلماندوویەتی و شیکردووتەوە، بۆیە هیچ کات ئەقڵ ئامادە نییە لە هەموو شکۆمەندییەکانی خۆی دابەزێتە خوارەوە و بەبێ سێ و دوو باوەڕ بەو شتانە بهێنێت کە زانست سەلماندوونی و بەپێی چەند گریمانەیەکی زانستی تاقیکراونەتەوە، چونکە ئەقڵی مرۆڤ ناتوانێت بێ لایەن بێت لە ئاست ئەو شتانەدا کە ڕۆژانە بە بەردەمیدا تێ دەپەڕن و لە ئاست ئەو ڕووداوانەدا کە ڕۆژانە ڕوودەدەن و کاریگەرییان هەیە بۆ سەر ژیانی مرۆڤ لە کۆمەڵگەدا، ئەمەش وا لەو ئەقڵە دەکات کە خاوەن هەڵوێست بێت لە ئاست مەسەلەکاندا و لەوەش سەرپشك بێت کە لایەنگری بۆ چ باوەڕێك ڕادەگەێنێت و بەدژی چ لایەنێك دەوەستێتەوە، هەڵوێستێك کە ناتوانێت زانستیبوونی ئەقڵ و باوەڕە مرۆییەکان مسۆگەر بکات و بابەتی ئەقڵی و زانستییەکان بەتەنیشتیەکەوە کۆ بکاتەوە.

بەم شێوەیەش وەردی دەیەوێت پێمان بڵێت، بیرکردنەوەیەکی ئەقڵانی مەرج نییە لە هەمان کاتیشدا بیرکردنەوەیەکی زانستی بێت زۆر بابەتی ئەقڵانی هەیە کە دەتوانێت نازانستی بێت و بگرە زۆر جارانیش بەدژی زانست بووەستێتەوە، بۆیە ناکرێت ئەقڵ بکرێتە تاکە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی بابەتێکی زانستی لە یەکی نازانستیدا، چونکە ئەو پرەنسیپ

و بـنـەمـايـانـەی کـە زانستـی لـەسەر دامـەزراوە، جـیـاوازە لـەگـەڵ ئـەو پرەنسیپانەی کە ئەقڵێك یان ئەقڵانییەتێکی دیاریکراو بیری پێ دەکاتەوە و تـاوتوێی بـارودۆخ و بـابـەتێکی دیـاریکراوی پێ دەکات.

بـەم شێوەیـەش وەردی وەڵامـێکـی تـونـدی ئـەو کـەسانـە دەداتـەوە کـە هەمیشە لە باس و گفتوگۆکانی خۆیاندا، بابەتی ئەقڵ و زانست تێکەڵ دەکەن و میتۆدی کارکردنی نێوان زانست و ئەقڵانییەت لێك جیاناکەنەوە، ئەقڵانییەتێك کە دەتوانێت تەواو لە دژی زانست و بیرکردنەوەی زانستیدا کـار بـکـات و بـبـێتـە رێگـر لـە بـەردەم هـەمـوو کرانـەوە و پێشکـەوتـنـێکـی کولتووری و کۆمەڵایەتیدا، بەهەمان ئەو ئەندازەیەش دەتوانێت خزمەت بەکرانەوە و گەشەکردنی زانست بکات، کەوابوو لێرەدا، خاڵی جیاواز و هـاوبـەشی نـێوان ئـەقـڵ و زانست، لـە چـۆنـیـەتـی شێواز و مـیـتـۆدی ئـەو کارکردنەوە بەدەردەکەوێت کە هەریەکە لەم دووانە پەیڕەوی لێدەکەن، سەرباری ئەوەش بنەما و پرەنسیپەکانی زانست زۆر ڕوون و ئاشکرایە و خاوەن میتۆدێکی باوەڕپێکراوی ئەزموونییە، لە بەرامبەردا دەیان میتۆد و ئـارگیـۆمێنتـی جیـا جیـا لـە ئـەقڵانـییـەتدا هـەیـە کـە هـەمـوو کـاتێکیش دەتوانێت دەستیان بۆ بەرێت و بەهۆیانەوە بەرگری لە هەڵوێستەکانی خۆی بکات، بەگشتی لە ئەقڵانییەتدا مەودایەکی فراوانتر بەدی دەکرێت بۆ دەرکـەوتـنـی گـەمـەی ئـایـدۆلـۆژیـی و مـلـمـلانـێی نـێوان ئـایـدۆلـۆژیـا جیاوازەکان، لە بەرامبەردا بواری زانست بۆ ئەم لایەنە، ژینگەیەکی کەمتر لەبارە.

# لۆژیکی کۆن "ئەرستۆتالیسی"

عەلی وەردی دەڵێت: زۆربەی ئەو کەسانەی کە خوێندەوارییان هەیە، هەمیشە وشەی لۆژیك بەسەر زاریانەوەیە و باسی دەکەن، هێندێك کاتیش بۆ پشتگیریکردن و ڕەتکردنەوەی قسەی یەکتری، بەهەندێك قسە دەڵێن قسەیەکی لۆژیکییە (منتقیيە) بە هەندێکی تریش دەڵێن قسەی غەیرە لۆژیکی. بەڵام ئەگەر بێتو لە هەریەکێکیان بپرسی لۆژیك مانای چییە؟ لە وەڵامدا دۆشدادەمینێت و نازانێت چیت وەڵام بداتەوە[١].

لە پێناسەی لۆژیکدا دەوترێت: لۆژیك بریتییە لە زانستی یاساکان کە بە لە بەرچاوگرتنیی، واتا لۆژیك، هزر لە هەڵە دەپارێزێت لە کاتی بیرکردنەوەدا. هەروەها «بەتەرازوو»یش ناودەبرێت، بەو مانایەی وەك تەرازوویەك وایە بەهۆیەوە هەڵسەنگاندن بۆ فیکر دەکرێت و ڕاستی لە هەڵە جیادەکرێتەوە[٢].

وەردی باسی ئەوە دەکات کەوا خەڵکی کۆن، خەڵکێك لە کات و سەردەمی ڕابردوودا، هیچ لۆژیکێکی دیکەیان نەزانیوە و نەناسیوە، لۆژیکی ئەرستۆتالیسی نەبێت، ئەم لۆژیکە بەدرێژای سەدەکان وەك مەرجەیك مایەوە بۆ بیرمەندان و فەیلەسووفان، کە پێیان وابوو ئەمە لۆژیکێکی گشتی و نەمرە و هیچ گۆڕان و دەستکارییەك هەڵناگرێت.

وەردی باس لەو زانا عەرەبی و ئیسلامیانەش دەکات، کەوا چۆن سەرسام بوونە بەم لۆژیکە و لە کارەکانی خۆیاندا دەقاودەق کاریان پێ

(١) د. علي الوردي. خوارق اللاشعور، الوراق للنشر، الطبعة الثانية، ١٩٩٦ لندن. ص٧٥.

(٢) هـ.س.، ل٧٥.

کردووه، تەنانەت هەندێکیان بەراوردیان کردووە لەگەڵ وتەکانی یەزدان و بایەخێکی هاوشێوەی دەقە ئاینیەکانیان بۆی داناوە، هەروەها لە زۆربەی قوتابخانە و مزگەوت و حوجرە ئاینیەکاندا خوێندراوە و لە بیرکردنەوە و نووسیندا بەکار هێنراوە، ئەمە بەجۆرێك بووە کە وەردی دەڵێت: ئەم لۆژیکە ڕۆچووەتە خوارەوە بۆ ناو قوڵایی ئەقڵمان و بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەین دەیبینین و پێی سەرسامین، ئەومەش شتێکە لە نەستماندا چەقیوە و جێی گرتووە، تەنانەت زۆرێك لە ئێمە لە ژیانی خۆیدا ڕێبازەکانی لۆژیکی نەخوێندووە، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەبینی لە بیرکردنەوەیدا لەسەر هەمان ڕێباز دەڕوات کە لۆژیکی ئەرستۆتالیسی لەسەری دەڕوات[٣].

کێشەیەك لەو کێشانەی کەوا لۆژیکی ئەرستۆییدا هەیە، بەلای وەردییەوە، ئەوەیە کە ئەم لۆژیکە گوزارشت لە واقیعی ژیان ناکات، بەجۆرێك دەتوانین ناوی بنێین «بورجی عاج»، ئەو مەبەست وەردی پێی وایە ئەگەر بێت و لیکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەمێژووی سەرهەڵدانی ئەم لۆژیکە بکەین و بارودۆخە فیکری و کۆمەڵایەتییەکەی لەو کاتەدا هەڵبسەنگێنین، بۆمان روون دەبێتەوە کە ئەمە ناونانێکی دروستە بۆ ئەم لۆژیکە.

ئەرستۆ بایەخ و گرینگیەکی گەورەی هەیە لە مێژووی هزری مرۆڤایەتیدا، ئەو ڕۆڵی یەکەمی هەبوو لە هێنانەکایەوە و داڕشتنی ئەو لۆژیکەی کە ئێستا بەناوی ئەووەوە ناسراوە، وەردی پێی وایە داڕشتنی ئەو لۆژیکە لە لایەن ئەرستۆوە کە قوتابی ئەفلاتوونە و درێژە پێدەری ڕێگەی ئەو و سۆکرات بوو، لێدانێکی توند بوو وەبەر بزووتنەوەی سۆفیستەکان کەوت و سەرکەوتنێکی گەورە و تاڕادەیەکیش یەکجاری بوو بۆ ئەو

(٣) هـ.س.، ل٧٦.

فەلسەفەیەی کە باوەڕی بەهەقیقەتی ڕەها و تواناکانی ئەقڵ هەبوو لە دۆزینەوەی هەقیقەتی ڕەهادا. ئەم سەرکەوتنە وای لە خەڵکی کرد تا لە هەموو لایەکەوە سەرسامی خۆیان بۆ لۆژیکەکە دەرببڕن و شانازی پێوەبکەن، لە بەرامبەریشدا، ناوی سۆفیستەکان بوو بەشەرمێکی گەورە و هەموو بیرمەندێك خۆی لەوە دەپاراست ئەم ناوەی بەسەردا ببردرێت.(٤)

هەقیقەت، هەروەك مانهایم باسی کردووە، لە یەك کاتدا ڕێژەیی و ڕەهایە، یان بەدەربڕینێکی دیکە، لە یەك کاتدا خودی و بابەتییە. وەردی دەڵێت، بەڵام سەرکەوتنی لۆژیکی ئەرستۆ، وای لە بیرمەندان کرد کە تەنیا خۆیان بەیەك لایەنی هەقیقەتەوە خەریك بکەن، ئەویش لایەنە ڕەهاکەی هەقیقەتە، بەم کارەش لایەنەکەی تری هەقیقەتیان پشتگوێ خست کە هیچی کەمتر نییە لە لایەنی یەکەم.(٥)

لە ڕوانگەی وەردییەوە، لۆژیکی ئەرستۆ فاکتەرێکی سەرەکی بوو بۆ دابڕینی بیرمەندان و فەیلەسووفان لە خەڵکە ڕەش و ڕووتەکەی کۆمەڵگە، ئەو لۆژیکە لەسەر ئاسی بیرکردنەوەدا، خەڵکی دابەش کرد بەسەر دوو چین، چینێك سەر کەوتنە سەر بورجی عاج و کەوتنە نێو چێژی بیرکردنەوە و تێڕامان لە هەقیقەتی ڕەها، چینەکەی تریش کەوتە دەست ئاراستە و ڕێڕەوی ژیان و دەیویست ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ خۆی لەگەڵ هەقیقەتە ڕەهاکاندا بگونجێنێت.

ئەم لۆژیکە بووە هۆی ئەوەی کە پیاوی بیر و تێڕامان ڕکی لە پیاوی کارو ڕەنجدەری بازووی خۆی ببێتەوە و سووکایەتی بەشێوازی ژیان و ڕێچکەی بیرکردنەوەی بکات. فەیلەسووفە یۆنانییەکان خاوەنی کۆیلە بوون و هەرگیز خۆیان کاریان نەدەکرد و بۆ دابینکردنی

---

(٤) هـ.س.پ. ل٧٨.

(٥) هـ.س.پ ل٧٨.

پێداویستییەکانی ژیانی خۆیان، هیچ ڕەنجێکیان بەخەرج نەدا، سەرەڕای ئەمەش، ئەوان هیچ کات بەدەست کێشە و نەهامەتییەکانی ژیانەوە نەیان نالاندووە و ژیان ناچاری نەکردوون تا لە پێناوی مانەوە و درێژەداندا، ڕەنج و ماندووبوونی زۆر بکێشن و بکەونە بیرکردنەوەیەکی جددی و واقیعییانە لە ژیانی خۆیان و کۆمەڵگەکەیان، چونکە پێداویستییەکانی ئەوان هەمیشە لە لایەن کۆیلەکانەوە دابینکراوە.

ئەمە خاڵێکی زۆر بەرچاوە، بۆ جیاکردنەوەی سۆفیستەکان و باقی فەیلەسووفەکانی دیکەی یۆنان و ئەسینا، سۆفیستەکان کەسانێك بوون لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کۆچیان دەکرد و ڕۆژانە هەموو جۆرە خەڵکێکیان دەبینی و لە نزیکەوە لەگەڵیاندا دادەنیشتن و گوێیان بۆ دەگرتن و قسەیان بۆ دەکردن و نزیکبوون لە خەڵکی ڕەش و ڕووت و مەینەتی و ئازارەکانیان.

عەلی وەردی پێی وابوو فەیلەسووفە کۆنەکان، بۆیە ڕکیان لە سۆفیستەکان دەبووە، چونکە ئەوانیان لەسەر ئەو بورجە عاجەی لە سەری دانیشتبوون دەهێنایە خوارەوە، بەکۆمەڵێك چەمك و دەستەواژەی ناڕۆشن خەریکی فەلسەفە لێدان بوون بەسەر خەڵکی ڕەش و ڕووت و هەژاردا، هیچ هەوڵێکیشیان بۆ ئەوە نەبوو تا خەڵك لێیان تێی بگات، بگرە هەر لەبنەڕەتەوە خوازیاری ئەمە نەبوون و باوەڕیشیان بەوە نەبوو کە دابەزنە سەر ئاستی بیرکردنەوەی خەڵکی ئاسایی و لە پێناوی گۆڕینی ژیانی ئەو نەبوون و باوەڕیشیان بەوە نەبوو کە دابەزنە سەر ئاستی بیرکردنەوەی خەڵکی ئاسایی و لە پێناوی گۆڕینی ژیانی ئەو خەڵکە هەوڵی فێرکردن و تێگەیاندنیان بدەن، چونکە ئەوان پێیان وابوو فیکر تەنیا موڵکی نوخبە و دەستەبژێرێکی دیاریکراوە و هەموو کەس ئەو توانایییەی نییە. شەڕی سۆفیستەکانیش لەگەڵ ئەوان، هەر لەسەر بنەمای ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە سەرچاوەی گرتبوو.

وەردی دەڵێت، ئێمە ئێستاشی لەگەڵدا بێت. نەمانتوانیوە لە ژێر کاریگەری بیرکردنەوە و لۆژیکی ئەرستۆتالیسی ڕزگارمان بێت، مەبەستی وەردی لە بەکارهێنانی ڕاناوی ئێمە، خەڵکی ڕۆژهەڵات بەگشتی و خەڵکی عەرەبە بەشێوەیەکی تایبەتی، ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە ڕێگەی وتە و بۆچوونەکانی ئەوەوە سەیری شتەکان دەکەین و لە ڕێگەی یاساکانی ئەوەوە بۆ جیهان و دەوروبەرمان دەڕوانین. لۆژیکی ئەرستۆ لە هەندێك کاتدا وەهای وەسف دەکەن کەوا لۆژیکێکی فۆتۆگرافییە، ئەمەش بەبەراورد لەگەڵ ئەو لۆژیکە تازەیەدا کە بەلۆژیکی سینەمایی ناسراوە. لۆژیکی ئەرستۆ دەیەوێت لە بارەی شتەکانەوە، وێنەیەکی نەگۆڕ و رەهای دەسکەوێت و بیکات بەوێنەی کۆتایی شتەکان کە ئیدی هیچ گۆڕانێکی دەرەکی قبووڵ ناکەن و لە شوێنی خۆیاندا دەمێننەوە ، ئەمە لە کاتێکدایە کە ژیان لە جوڵە و گۆڕانێکی بەردەوامدایە و وێنەیەکی فۆتۆگرافی بە تەنیا، جگە لە ساتەوەختێکی دیاریکراو و تێپەڕ، ناتوانێت گوزارشت لە هەقیقەتی ئەو ژیانە بکات. لۆژیکسێنە کۆنەکان، بەردەوام لە ژێر ناوی چاکە و خراپە، حوکم بەسەر شتەکاندا دەدەن و بۆهەڵسەنگاندنی داهاتووی شتەکانیش هەر دەگەڕێنەوە بۆ هەمان حوکمی یەکەمیان لەوبارەیەوە، بەبێ ئەوەی ئاگاداری ئەوە بن، کە دەشێ لە دوای حوکمەکەی ئەوانەوە گۆڕانێك روویدا بێت و شتەکان وەك جاری جاران لە شوێنی خۆیاندا نەمابن، دەشێ ئەو شتەی کە ئەوان وەك خراپە ناساندبوویان، گۆڕابێت بۆ چاکە و چاکەکەش بووبێت بەخراپە(٦).

وەردی دەڵێت: ئەقلانییەت یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی لۆژیکی ئەرستۆتالیسی، بەو مانایەی باوەڕێکی ڕەها لە ئارادا هەیە بەئەقڵ و تواناکانی ئەقڵ لە دۆزینەوەی هەقیقەتدا، فەیلەسووفەکان باوەڕیان وابوو کەوا دوو ڕێگە هەیە بۆ مەعریفە و زانین، ئەوانیش بریتین لە ئەقڵ

(٦) هـ.س.پ. ل٨١.

و هەست، بەڵام هەرچی هەستە ئەوا بەردەوام ئامادەیە بۆ هەڵە، کەوابوو جگە لە ئەقڵ ڕێگەیەکی باشتر و دروستر لە بەردەستدا نەماوەتەوە بۆ گەیشتن بەمەعریفەیەکی ڕاست و دروست(٧).

وەردی لێرەدا لەگەڵ ئەوەی دان بەوەدا دەنێت کە ئەمە بنەمایەکی گرینگە لەم لۆژیکەدا و بۆ کاتی خۆشی شۆڕشێکی گەورە بووە بەسەر بیرکردنەوەی خورافی و میتۆلۆژیدا، بەڵام دواجار کێشەی هەیە لەگەڵ جۆری بەکارهێنانەکانی ئەم لۆژیکە بۆ ئەقڵ، چونکە هەر یاساکانی نێو ئەم لۆژیکەن، جارێکی دیکە بۆ خۆیان دەبنەوە بەربەست لە بەردەم ئەقڵ و لە ڕێگەی گشتاندن و ڕەهاباوەڕییەوە، سنوور بۆ بیرکردنەوە و تواناکانی ئەقڵ دادەنێن و پانتاییەکانی مەعریفە بەیاساکانی خۆیان کورت دەکەنەوە بۆ سەر ئەو چەند بابەتەی کە لۆژیکەکە باوەڕی پێیان هەیە.

---

(٧) د. علي الوردي. منطق ابن خلدون، الطبعة الثانية ١٩٩٤، دار كوفان، لندن. ص ٤٠

## ڕووە لێکچووەکان لە نێوان
## فیکری عەلی وەردی و سۆفیستەکاندا

عـەلـی وەردی هـەروەك بـۆ خـۆشی ئـامـاژەی پـێ کـردووە، کـەسێك بـووە لـەوانـەی کـە تـاڕادەی سەرسام بـوون، سەرسام بـووە بـەسۆفـیستـەکـان فیکری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی لای سۆفیستەکان، ئەم سەرسام بوونەی وەردی بە بزووتنەوەی سۆفیستەکان، زۆرجار ئەوەی ڕووبەڕووی ڕەخنەو دژایەتی کردووەتەوە لە لایەن رۆشنبیرو و بیرمەندانی هاوسەردەمانی خۆی، زۆربەی رەخنەکانیش کە لێی گیراون، ئەویان بەکەسێکی سۆفیست و لایـەنـگریـی بـۆ فیـکری سۆفیستـەکـان داوەتـە قـەڵـەم، لـە بـەرامبـەر ئـەم رەخنانەشدا، تاکە وەڵامێك لە لایەن وەردییەوە بۆ ڕەخنگرەکانی ئەوە بووە کە شانازی بەناوی سۆفیستەکان کردووە و هیچ کات ئەمەی بەتاوان نـەزانـیـوە و لایـەنـگیری خۆشی بـۆ ئـەوان ڕەتـنـەکردووتـەوە، لـە لایـەکی تریشەوە، هـاتووە بەنووسین وتـار و لـە کۆڕ و کۆبوونـەوەکاندا و لـە زۆربـەی کتێبەکانی خۆیدا، بەرگری لە بزووتنەوەی سۆفیستەکان کردووە و خەڵکی خوێندەواری لەو غەدرە مێژووییە ئاگەدار کردووتەوە کە دەرهەق بەوان کراوە، جا ئەگەر لێرەدا بۆمان هەبێت پرسیارێك بخەینەڕوو سەبارەت بەوەی، ئایا چی وای لە عەلی وەردی کردووە بەم شێوەیە سەرسامی خۆی بۆ سۆفیستەکان دەرببڕێت بەرگریان لێ بکات؟ بەخوێندنەوەیەکی سادە بۆ خودی کەسایەتی ئەکادیمیانەی عەلی وەردی و ئەو شێوازە لە وردبینی و بەرپرسیاریتییەی کە لە نووسیندکانیدا بەدی دەکرێت، رەنگە بگەینە ئەو باوەڕەی بڵێین، عەلی وەردی، وەك کەسایەتیەکی زانستی و ئەکادیمی، نەکەوتووتە ژێر کاریگەری ئەو رەوتە باوەی فیکر لەسەردەمەکەی خۆیدا

و نەیهێشتووە قۆناغێکی وا گرینگ لە مێژووی فەلسەفە و هزری کۆمەڵایەتیدا، هەروا بەئاسانی بەسەریدا تێپەڕێت، بەبێ ئەوەی وەك خۆی لێکۆڵینەوەی لە بارەوە بکات و لێی تێ بگات، پاشان بگاتە ئەو حوکمە بەهایی و زانستیانەی کە ئەو بابەتە هەڵی دەگرێت، یاخود بگاتە ئەو شوێنەی کە تییدا ویژدانی زانستی خۆی بڕیاردەر بێت لەوەی کە چۆن باس لەم مەسەلەیە بکات.

ڕاستییەکەی پەیوەندی عەلی وەردی بەسۆفیستەکانەوە، زۆر لەوە قووڵترە، تائەوەی وەڵامێکی سادە بەم شێوەیەی سەرەوە بتوانێت قایلمان بکات، بۆ گەیشتن بەوەڵامێکی قووڵتر بۆ ئەو پرسیارەی سەرەوەش، پێویستە لە پێشدا گەشتێکمان کردبێت بۆ لای سۆفیستەکان و ئاشنایەتیەکمان لەگەڵ فیکر و دنیابینیەکەی ئەواندا پەیدا کردبێت و کەم تا زۆر گوێمان لەو دیالۆگانە بووبێت کە ئەوان لەگەڵ قوتابی و گوێگرەکانی خۆیاندا، سەبارەت بەبوون و ژیان و هەقیقەت ئەنجامیان دەدا، هەر ئەو پێویستیەش بوو منی ناچار کرد کە بەشی یەکەمی لێکۆڵینەوەکەم تەرخان بکەم بۆ سۆفیستەکان و سەرهەڵدانی بزووتنەوەکەیان، تا لێرەدا بەهەردوولامانەوە، بەئاسانی بتوانین وەڵامی ئەو پرسیارەی پێشوو بدەینەوە و بڵێین: عەلی وەرد هەستی بەنزیکایەتییەکی زۆر دەکرد لە نێوان خۆی و سۆفیستەکاندا، نزیکایەتییەك کە زۆرجار وای لەو دەکرد، خۆی بەسۆفیستێکی سەردەمەکەی خۆی لە قەڵەم بدات، ئەو لەبیرکردنەوە و ئارگیۆمێنتسازیدا، دەتوانین بڵێین هاوشێوەی سۆفیستەکان دەجووڵایەوە، ئەوەندە نەبێت کە ئەو لەم شارەوە کۆچی نەدەکرد بۆ ئەم شار و بانگەشەی بۆ فێربوونی ڕەوانبێژی نەدەکرد، بەڵام دەیزانی خەڵکی کۆمەڵگاکەی ئەو هەموویان خەریکی زەمانبازین لەگەڵ یەکتریدا و یەك بۆ یەکی ناسەلمێنێت کە کامیان لەسەر هەقە و کامیان ناهەق، دەیزانی ئەو قسە و باسانەی

ڕۆژانەی خەڵکی لە نێو خۆیاندا ئەنجامی دەدەن، هیچ کامیان هەڵگری هەقیەت نین، بەڵام هەمیشە ئەو کەسە دەیباتەوە کە دەنگی زلترە و توانای دەنگ هەڵبڕین و هەڕەشەوگوڕەشەی لە بەرامبەرەکەی زیاترە، وەردی کۆچەرییەك نەبوو کە لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر بگەڕێت و خەڵکی فێری دانایی و ڕەوانبێژی بکات، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دوور نەبوو لە خەڵك و ژیانی رۆژانەی خەڵکی رەش و رووت، ئەو بە تەنیا لە ماڵەوە دانەدەنیشت تا خەریکی کتێب خوێندنەوە و نووسین بێت و تەنیا لە دنیای ناو کتێبەکانەوە، باس لە مەسەلەی فیکر و ژیانی خەڵك و باشبوونی ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکەکەی بکات، بەڵکو ئەو زۆربەی کاتەکانی خۆی لە نێو چایخانە و لە کوچە و کۆڵانی گەڕەکە هەژارنشینەکان و دەوروبەری تێکپڕژانە کۆمەڵایەتییەکان و شەڕە گەڕەکەکان و دەمەقاڵێی سەرجادە و ناو هۆڵی دادگەکان و بۆنە و سروتە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەسەر دەبرد و گوێی لە قسە و باس و گفتوگۆی ئەو خەڵکە ڕادەگرت و تێبینی رەفتار و هەڵسوکەوتنەکانیانی دەکرد، وەردی بە تەواوەتی ئاگەداری ئەو کۆمەڵگایەی خۆی دەبوو کە تێیدا دەژیا، ئەو لە رێگەی تیۆرەکۆمەڵایەتییەکان و ڕێبازەکانی دەروون شیکاری کۆمەڵایەتییەوە، هەوڵی دیراسەکردنی ئەو کۆمەڵگەیەی دەدا و دەیویست لە یاساکانی گۆڕان و دیاردەی کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگەی عێراقی تێ بگات و ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی کەسایەتی تاکی عێراقی شیکار بکات و لە پاڵنەرە ڕەفتارییەکانی پشت ئەو کەسایەتییەوە بکۆڵێتەوە.

ڕووە لێکچووەکان لە نێوان فیکری عەلی وەردی سۆفیستەکاندا زۆرن، ئەوەیش هەروەك سۆفیستەکان باوەڕی وابوو کە وەزیفەی ئەقڵ بریتی نییە لە گەیشتن بەڕاستی وەك ئەوەی ئەقلانییە دێرینەکان لێی تێگەیشتوون، بگرە وەزیفەی ئەقڵ بریتییە لە یارمەتیدانی مرۆڤ لە

ململانێی مانەوەدا، چونکە مرۆڤ ئاژەڵێکە بەر لەوەی مرۆڤ بێت.

ئەوەیش وەك سۆفیستەکان باوەڕی بەسنووری ئەقڵ هەبوو، ئەو زۆر جەختی لەسەر سنوورەکانی ئەقڵ دەکردەوە و پێی وابوو کە نابێت پێمان وابێت، لە توانای ئەقڵدا هەیە ببێتە کلیلی هەموو نهێنییەکان و بتوانێت دەرگە بەڕووی هەقیقەتی ڕەهادا والا بکات.

لە بارەی ئاینیشەوە، ئەگەر بێت و سەیر بکەین، دەبینین سۆفیستەکان بەتایبەت نەوەی یەکەم واتا پرۆتاگۆراس و هێندێك لە قوتابییەکانی، کەمتر خۆیان بەمەسەلەی ئاینەوە خەریك کردووە و هەمیشە مەسەلە دنیاییەکانیان داوەتە پێش باس و مەسەلەی ئاینییەوە، ئەگەرچی ڕەخنەی زۆریشیان لە هێندێك بابەتی ئاینی و خورافی سەردەمەکەی خۆیان گرتووە و هەموو دیدێکی میتۆلۆژیی ڕووتیان بۆ بوون و نەبوون ڕەت کردووتەوە، بەلام لە بارەی بوون و نەبوونی خوا، هەڵوێستێکی بێلایەنانە و سکێپتیسیزمیان هەڵبژاردووە، هەڵوێستی وەردیش دەربارەی ئاین نزیکە بەهەڵوێستی سۆفیستەکان، وەردی لە کاتی لێکۆڵینەوە لە کۆمەڵگەی عێراقیدا، وەك مەسەلەیەکی گرینگ و دیاردەیەکی زەقی کۆمەلایەتی، نەیتوانیوە خۆی لە باسی ئاین و مەزهەب بپارێزێت و ڕۆڵی ئەوان لە پێکهێنانی سروشتی کۆمەڵگەی عێراقیدا لەبیر بکات، ئەگەر واشی بکردایە، ئەوا قسەکانی ئەو لە بارەی ئەم کۆمەڵگایەوە ئەم بایەخەی ئێستایان نەدەبوو، وەردی ڕەخنەی زۆری لە بیروباوەڕی ئاینی و مەزهەبی توندڕەو گرتووە و زۆر دەربارەی خورافە و ئەو فێڵ و تەڵەکانەوە قسەی کردووە کە لە ڕێگای ئاینەوە بەرۆکی کۆمەڵگەی عێراقیان گرتووە، بەلام هەرگیز خۆی وەك کەسێکی لائیك و دژە ئاین نیشان نەداوە، هەروەك چۆن کەسێکی مەزهەبی و ئاینیش نەبووە کە هەستی پێ بکرێت، ئەو هەمیشە لەگەڵ ئەوەدا بوو کە دەبێت، مرۆڤ لە دۆخێکی مامناوەندی و نۆرمالدا هەڵسوکەوت بکات و نابێت زیادەڕۆیی

لـە هـیـچ شتـێـکـدا بـکـات مـیـانـڕەوی ڕێـبـازی ئـەو بـوو لـە هـەڵسوکـەوت و بیرکردنەوە و نووسیندا. لێرەدا دەمەوێت ئەوەش باس بکەم، کە ڕەنگە زۆر شتی تر هەبن پاڵیان بەوەردییەوە نابێت تا بەرگری لەسۆفیستەکان، بکات و سەرسام بێت پێیان، بەڵام مەبەستی ئێمە زیاتر زەقکردنەوەی ئەو خالانەیە کە پێوەندییان هەیە بەناوەڕۆکی باسەکەمانەوە، لەوانیش مەسەلەی ڕوانگەی هاوبەشی نێوان وەردی و سۆفیستەکان بۆ ئەقڵ و لۆژیکی ئەقلانی و ئەرستۆتالیسی و بابەتی ڕێژەی بوونی هەقیقەت لە ڕوانگەی هەردوو لاوە.

ئاشکرایە کەوا لە سەردەمی خۆیدا، شەڕێکی توند لەسەر ئاستی فیکری و فەلسەفیدا لە نێوان سۆفیستەکان و فەیلەسووفەکاندا هەبوو، بەتایبەتیش ئەفلاتوون و قوتابییەکەی ئەرستۆ، ئەگەرچی ئەنجامی ئەم شەڕە بەسەرکەوتنی فەیلەسووفەکان و لۆژیکی ئەرستۆیی بەسەر سۆفیستەکاندا کۆتایی هات، بەڵام عەلی وەردی هەر لە سەنگەری سۆفیستەکاندا مایەوە و بەردەوام بەدژی لۆژیکی ئەقلانی کۆن و ئەرستۆتالیسی دەینووسی و بانگەشەی بۆ ترسناکی ئەو لۆژیکە دەکرد، لەوەی کە شتەکان بەشێوەیەکی ڕەها دەبینێت و جیهان لەسەر ئاست ڕەش و سپی، چاکە و خراپە، فریشتە و ئەهریمەن، ڕاڤە دەکات و دژی هەموو ئاراستەیەکی جیاوازی بیرکردنەوەیە لە دەرەوەی خۆیدا.

عەلی وەردی، وەك سۆفیستەکان باوەڕی بەوە هەبوو کە هەقیقەت شتێکی ڕێژەییە و ناکرێت لەم جیهانەدا شتێك هەبێت ناوی بنێین هەقیقەتی ڕەها، ئەو دەیوت هەر کەسە و هەقیقەت بەو شێوەیە دەبینێت کە بەرژەوەندییەکانی خۆی تێدا دەبینێتەوە، بەڕای ئەو بەرژەوەندی تاکە چاوی مرۆڤە بۆ بینینی هەقیقەت، ئەم قسەیەش زۆر لە قسەکەی پرۆتاگۆراسی سۆفیستەوە نزیکە کاتێك وتوویەتی ″مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە″.

بەشێوەیەکی گشتی تەبایی و لێکچوونێکی زۆر دەبینرێت لە نێوان عەلی وەردی سۆفیستەکاندا، سەبارەت بەهەریەکە لە چەمکی هەقیقەت و سنووورداری ئەقڵ و دژایەتیکردنی لۆژیکی ئەرستۆتالیسی، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەریەکە لەمانەش، دەتوانین عەلی وەردی و سۆفیستەکان لە یەك سەنگەر دابنێین بەرامبەر بەو کەسانەی سەر بەلۆژیکی کۆنن و بەدژی سۆفیستەکان بەرگری لە ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەکەن.

## دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە

١- سۆفیستەکان خەڵکی ئەسینا نەبوون، بەڵام هەواداری دیموکراسی ئەسینایی بوون، سۆفستەکان ڕەنگە لە یەکەمین کەسەکان بووبن کە باس و وانە وتنەوەی فەلسەفییان کردووە بەپیشەی خۆیان و ئاگەداری هەموو لقەکانی بیرکردنەوە و ئەندێشەی زانستیی سەردەمەکەی خۆیان بوون هەر لە ڕێساکانی زمان و شیعرەوە بگرە تا ماتماتیك و پزیشکی.

٢- چەمکی سۆفیست بەمانای مامۆستا یاخۆ ئوستادی دانا بوو، بەڵام بە هۆی باڵادەستی و دەسەڵاتی قسەکانی ئەفلاتوونەوە، بەهەمان شێوەی زۆرێك لە چەمکی تریش، مانای ڕاستەقینەی خۆی لە دەست داو گۆڕا بۆ شتێك بەدژی خۆی. سۆفیست، یاخۆ بەدەربڕینێکی ئاشناتر لە نێو زمانی فەلسەفەی ئێمەدا سۆفیستایی بوو بەکەسێکی زانا کە ڕاستییەکان و هەقیقەتەکان سەراوگێڕ دەکاتەوە، داناییەکی درۆیین دەخوڵقێنێت، زانا نییە بەڵام زمانبازە و یاری بەزمان دەکات.

٣- لە نزیکەی ساڵی ٤٥٠ی پێش مەسیحەوە، ئەسینا بووە چەقی کولتووری جیهانی یۆنانی، لەو کاتە بەدواوە فەلسەفەش ئاراستەیەکی نوێی وەرگرت.

پاش ماوەیەکی کەم تەوژمی گروپێکی مامۆستا و فەیلەسوف ڕوویان لە ئەسینا کرد. ئەمانەش خۆیان ناو نابوو سۆفیستەکان Sophist وشەی سۆفیست مانای مرۆڤێکی ڕۆشنبیر یان روناکبیر دەبەخشێت. پیشەی مامۆستاییش لە ئەسینادا بووە سەرچاوەی گوزەرانی سۆفیستەکان.

سۆفیستەکان پێوەندییەکی گرینگ و هاوبەشیان لەگەڵ فەیلەسووفە سروشتییەکاندا هەبوو، هەردوو لایەنەکە ڕەخنەیان لە ئەفەسانەی سەردەم دەگرت. بەڵام لە هەمان کاتیشدا سۆفیستەکان ڕەفزی بیرکردنەوەی فەیلەسووفانەی بێ سوودیان – بەلای ئەوانەوە – دەکرد.

٤– پرۆتاگۆراس (٤٨٥–٤١٠ پ.ز) لە کۆنترین سۆفیستە یۆنانییەکانە. لە دەوروبەری ساڵی ٤٨٥ پ.ز دا لە ئابدێرا لە دایك بووە، ئابدێرا Abdera شارێکە لە ترەیسی دێرین لە نزیکی چاوگی ڕووباری نێستۆسەوە. ڕێك بەرامبەری دوورگەی تاسۆسە. لە سەدەی حەوتەمی پێش زایندا، دانیشتوانی شاری دێرینی ئایۆنییەکان کلازۆمینیا ئاوەدانیان کردووتەوە، دیمۆکریتس، پرۆتاگۆراس هەردووکیان لەوێ لەدایکبوون. پرۆتاگۆراس یەکێکە لە هاوسەردەمانی ئەنکساگۆراس و ئەمپیدۆکلیس، ئەو لە یەکەمین کەسانێك بوو کە گەیشتە ئەسینا و لە ڕێگەی فێرکردنەوە دەرامەتی خۆی بەدەست دەهێنا، ئەو دۆستی پیرەکلیس بوو، ناوی پرۆتاگۆراس لە بەشێکی گفتوگۆکانی ئەفلاتوونیشدا هاتووە.

٥– پرۆتاگۆراس دەڵێت: "مرۆڤ پێوەری یاخۆ پێوانەی هەموو شتێکە" ئەوا مانای ئەوە دەگەیەنێت کەوا هیچ حەقیقەتێکی بابەتی بوونی نییە، بگرە حەقیقەتەکان پێوەندیان بە باوەڕی مرۆییەوە هەیە، ئەو قسەیەش خاوەنەکەی دەکات بەفەیلەسووفێکی تەواو ڕێژەیی، تەنانەت لە فەیلەسووفانی دوای مۆدێرنیتەش ڕێژەیتر.

٦– بوونی هەقیقەتی ڕەها بەلای سۆفیستەکانەوە جێگەی شك و گومان بوو، ئەوان هەمیشە ئەوەیان وەبیر دەخستەوە کە هەرچی هەیە و بوونی هەیە، خودی و ڕێژییە و بەیارمەتی چەند فاکتەرێکی تاکە

کەسی–کۆمەڵایەتییەوە دروست بووە. ئەو هەقیقەتانەی کە بەدوای درککردنێکی هەستەوەرانەوە دەهاتن، واتە لە ڕێگەی هەستەوە درکیان پێ دەکرا، بەلای سۆفیستەکانەوە جێگەی شك و گومان بوو، ئەوان دەیانگوت جیهانی سروشتی تەنیا لەو ڕێگەیەوە شایەنی تێگەیشتنە کە ئەقڵ پەی پێدەبات، لە بەرامبەردا سۆفیستەکان هیچ باوەڕیان بەدیاردە هەستی و ئیدراکییەکان، بەوتەی ڕوحی جیهان یان ئەقڵی گشت–گشتی Universal mind، نەبوو.

٧– سۆفیستەکان باوەڕی زۆریان بەزمانپاراوی و ڕەوانبێژی هەبوو، ئەوان پێیان وابوو هەموو کەس دەتوانێت لە ڕێگەی زمانەوە بەرگری لە باوەڕی خۆی بکات و بەرگری لەو شتە بکات کە پێی وایە هەقیقەتە، هەر لە ڕێگەی زمان و توانای قسەکردنیشەوە، مرۆڤ دەتوانێت هەقیقەت بخوڵقێنێت یاخۆ بەشداری لە خوڵقاندنی حەقیقەتدا بکات.

٨– بەپێی ئەوەی کە پرۆتاگۆراس پێی وایە، فەلسەفە شتێك نییە زیاتر لە هونەرێکی وتاربێژی، یان هونەری باوەڕپێهێنانی زمانەوانی (ئەگەر بێتو لەم بوارەدا لێهاتووییەکەت هەبێت، ئەوا لە گفتوگۆدا بەکەڵکت دێت). دەتوانین سەفسەتەش بەجۆرێك لە وتاربێژی دابنێین کە پشت بەگفتوگۆی دیالیکتیکی دەبەستێت، یان بەمانایەکی تر دەتوانین بڵێین بریتییە لە هونەری دواندەری یاخۆ شەڕەقسە. چونکە ئەمەیان لەسەر بنەمای دوو بیرکردنەوەی جیاواز و دژ بەیەك بنیاتد نراوە و زەحمەتە پێشبینی بەیەك گەیشتنیان بکرێت.

٩– سۆفستەکان زمانیان کردە مەسەلەیەکی فەلسەفی و لەم ڕێگوزەرەشدا بایەخیان بە تیۆری دەربڕیندا، ڕەخنەگرتن و بەتایبەتیش ڕەخنەی بەهاکانیان خستە ڕوو. ئەوان لە پاڵ فراوانبوونی ڕەخنەییدا، زەمینەی پێشوازیکردن و ڕێزگرتن لە دیدگا جیاوازەکانیان فەراهەم کرد.

١٠- بەلای عەلی وەردییەوە، باوەڕێك كە سۆفیستەكان لەگەڵ خۆیاندا هێنایان، ئەگەر بهاتایە و زوو شكستی نەخواردبا، ڕەنگ بوو توانیبای كۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە بەشێكی زۆری ئەو مەینەتی و كارەساتانەی دوور بخاتەوە كە ئەقڵە دۆگماكان و بانگەشەكارانی هەقیقەتی ڕەها بەسەریاندا هێنا.

١١- عەلی وەردی تا ئەو رادەیە لەگەڵ فیكری سۆفیستەكان تەبایە كە لە شوێنێكدا خۆی رووبەڕووی پرسیارێك دەكاتەوە و دەڵێت: «ئەگەر بێت و لێم بپرسن ئایا تۆ سۆفیستایی؟ لە وەڵامدا دەڵێم من كەسێكی سۆفیستایی و لە هەمان كاتدا ئەقڵانیشم، باشی هەموو شتێكیش لە میانڕەویدایە.»

١٢- لە چاكییەكانی سەفسەتە بەلای وەردییەوە، ئەوەیە كە دووڕوو و درۆزن نییە و بەشێوەیەكی تیۆریی و كردارەكییانە باوەڕی بەهەقیقەتی رێژەیی هەیە، هەرچی كەسانی سەر بەلۆژیكی كۆنن، ئەوا لە ڕووی تیۆرییەوە باوەڕیان بەهەقیقەتی ڕەها هەیە بەڵام لە پراكتیكدا پێچەوانەی ئەمە هەڵسوكەوت دەكەن.

١٣- وەردی زۆر دژی بیركردنەوەی ڕەها و لۆژیكی ڕەش و سپی بووە، بەلای وەردییەوە شانازییە كە بچێتە سەنگەری سۆفیستەكانەوە بۆ دژایەتیكردنی ئەو كەسانەی بەم لۆژیكە بیر دەكەنەوە و هەڵسوكەوت دەكەن.

١٤- عەلی وەردی بەهەمان باوەڕی سۆفیستەكان پێی وابوو، «وەزیفەی ئەقڵ بریتی نییە لە گەیشتن بەهەقیقەت وەك ئەوەی ئەقڵانییە دێرینەكان لێی تێگەیشتوون، بگرە وەزیفەی ئەقڵ بریتییە لە یارمەتیدانی مرۆڤ لە ململانێی مانەوەدا، چونكە مرۆڤ ئاژەڵێكە بەرلەوەی مرۆڤ بێت.»

١٥- وەردی بەر لەوەی ڕەخنە لە ئەقڵ بگرێت و کەموکوڕییەکانی بخاتەڕوو، باسی لە مەزنی و داهێنەری ئەو ئەقڵە کردووە، ئەو ئەقڵ وەك بەهرەیەکی مرۆیی تەماشا دەکات کە وەك باقی بەهرەکانی دیکەی مرۆڤ، لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤیشی هەیە، بەشێوەك کە مەزنی و باشییەکانی ئەم ئەقڵە نەیتووانیوە ڕێگە بەدەرکەوتنی لایەنە خراپەکانی بگرێت، یان بەدەربڕینێکی تر دەتوانین بڵێین، هەمان ئەو ئەقڵە لە جێگەی خۆیدا، بەئەندازەی ئەوەی کە دەتوانێت مەزن و داهێنەر بێت بەهەمان ئەندازەش دەتوانێت لاواز و ڕووخێنەر بێت!

١٦- ترسی وەردی لە بەسێنتەربوونی ئەقڵ و زیادەڕۆیکردن لە ئایدۆلۆژیاکانی نێو دونیای ئەقڵانییەتە، نیگەرانی وەردی لەو لۆژیکەیە کە هەموو شتێك دەکاتە قوربانی شتێکی دیاریکراو، شەڕی وەردی لەگەڵ ئەو ئەقڵانییەتەیە کە خەریکە وەك بووت مامەڵە لەگەڵ ئەقڵ و دەستکەوتەکانی ئەقڵدا دەکات.

١٧- بەباوەڕی عەلی وەردی، ئەقڵی مرۆڤ توانایییەکی لە ڕادەبەدەری هەیە بۆ دۆزینەوە و داهێنان، داهێنەر لە هەموو ئەو بوارانەدا کە دەتوانن خزمەت بەمانەوەی مرۆڤ بکەن و یارمەتی بدەن لە ململانێی مانەوەدا، سەرەڕای ئەمانەش، ئەقلێکە ناتوانێت درك بەو هەقیقەتە بکات کە لە بەرژەوەندی خۆیدا نییە، ئەقڵێکە ناتوانێت خاوەن خوێندنەوەیەکی بێلایەن بێت بۆ هەقیقەت و پرۆسەی بەرهەم هێنانی مەعریفەدا، بەجۆرێك بەشداریکردنی ئەو لەم پرۆسانەدا، تەنیا لە چوارچێوەی چەند بەرژەوەندییەکی تایبەتیدا دەخولێتەوە و بەو ئاقارەدا دەڕوات کە بەتەنیا پەسندی خۆیەتی.

١٨- ڕەخنەکانی عەلی وەردی لە ئەقڵ و لۆژیکی ئەقڵانی کۆن، ئەو ناکەنە کەسێکی نا ئەقڵانی و دژی ئەقڵ، بگرە بە پێچەوانەوە

قسەکردنی ئەو بەم شێوەیە لەسەر ئەقڵ، هەوڵێکە بۆ داتەکاندنی ئەقڵ لە تەپوتۆزی دۆگماتیزم و پاراستنێتی لە خەوشداربوون، هەروەك خۆشی دەڵێت: «رەخنە و هێرشەکانی من بۆ سەر ئەقڵ، مانای ئەوە نییە کە بەیەکجارەکی لە ژیانی خۆمانی دوورخەینەوە، بەڵکو چەند جاری دیکەش وتوومە و دیسانیش دووپاتی دەکەمەوە کە ئەقڵ زۆر مەزنە، بەڵام کێشەی ئێمە لەگەڵیدا ئەوەیە کە لە هەموو شتێکدا بەکاری دەهێنین، تەنانەت لەو لایەنانەشەوە کە بەشێوەیەکی زانستیی بۆمان دەرکەوتووە کەوا ئەقڵ تێیاندا دەستەوەستانە و هیچی پێ ناکرێت.»

١٩- بەباوەڕی عەلی وەردی ، دوو لۆژیك یاخوا دوو میتۆد هەیە بۆ بیرکردنەوە، یەکیان ناودەبرێت بەلۆژیکی ئەقڵانی یان «الاساتنتاجی» و ئەویکەشیان ناودەبرێت بەلۆژیکی زانستی «الاسقرائی». بەلای ئەم کۆمەڵناسەوە، لۆژیکی ئەقڵانی کە یۆنانییەکان پەرەیان پێ دا، لە کات و سەردەمی خۆیدا، جولانەوەیەکی پێشکەتووخوازی بوو، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات، ئەویش وەك هەریەکە لە شۆڕش و بزاڤە پێشکەوتووخوازییەکانی دیکەی مێژوو، گۆڕا بۆ جولانەوەیەکی کۆنەپەرستانە.

٢٠- عەلی وەردی بەتەنزەوە ڕەخنە لەو هەقیقەتە ڕەهایە دەگرێت کە ئەقڵانییەکان لە ڕێگەی بیرکردنەوەیەکی ئەبستراکتەوە پێی گەیشتوون، و پێی وایە ئەوەی ئەوان لە وەهم و خەیاڵێکی ڕەهاوە نزیکە وەك ئەوەی هەقیقەتی ڕەها بێت، کاتێك دەبینین لە نێو کتێبەکانی خۆیاندا کۆمەڵێك چەمك و دەستەواژەی ئاڵۆز و ناڕوونیان داهێناوە کە هیچ مانایان نییە و سەر لە خوێنەرێکی ئاسایی تێك دەدەن.

٢١- لە درێژەی ئەو قسە و باسانەدا کە عەلی وەردی سەبارەت بەئەقڵ و لۆژیك ئەنجامی داون، جیاوازی کردنە لە نێوان میتۆدی ئەقڵانی و میتۆدی زانستیدا، واتا جیاوازی لە نێوان بیرکردنەوەیەك کە ئەقڵانییە لەگەڵ بیرکردنەوەیەکی زانستیدا، ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی ڕوون لە باس و ئەرگیۆمێنتسازییەکانی ئەم کۆمەڵناسە عێراقییە دەردەکەوێت. وەردی پێی وایە جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان میتۆدی ئەقڵانی و میتۆدێك کە زانستییە. ئەو دەڵێت: زۆر کەس بەم جیاوازییە نازانن یاخۆ باوەڕیان پێی نییە. بەلای ئەوانەوە ئەوەی ئەقڵ دەیڵێت هەمان ئەو شتەیە کە زانستیی باسی لێوە دەکات، ئەم باوەڕەش ئەوانی دووچاری هەڵەی زۆر کردووتەوە.

٢٢- وەردی پێمان دەڵێت، بیرکردنەوەیەکی ئەقڵانی مەرج نییە لە هەمان کاتیشدا بیرکردنەوەیەکی زانستیی بێت، زۆر بابەتی ئەقڵانی هەیە کە دەتوانێت نازانستی بێت و بگرە زۆر جارانیش بەدژی زانست بووەستێتەوە، بۆیە ناکرێت ئەقڵ بکرێتە تاکە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی بابەتێکی زانستی لە یەکی نازانستیدا، چونکە ئەو پرەنسیپ و بنەمایانەی کە زانستی لەسەر دامەزراوە، جیاوازە لەگەڵ ئەو پرەنسیپانەی کە ئەڵێك یان ئەقڵانییەتێکی دیاریکراو بیری پێ دەکاتەوە و تاوتوێی بارودۆخ و بابەتێکی دیاریکراوی پێ دەکات.

٢٣- کێشەیەك لەو کێشانەی کەوا لە لۆژیکی ئەرستۆییدا هەیە، بەلای وەردییەوە، ئەوەیە کە ئەم لۆژیکە گوزارشت لە واقیعی ژیان ناکات، بەجۆرێك دەتوانین ناوی بنێین «بورجی عاج»، ئەو واتە وەردی پێی وایە ئەگەر بێتو لێکۆڵینەوەیەك سەبارەت بەمێژووی سەرهەڵدانی ئەم لۆژیکە بکەین و بارودۆخە فیکری و کۆمەڵایەتییەکەی لەو کاتەدا هەڵبسەنگێنین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ئەمە ناونانێکی دروستە بۆ ئەم لۆژیکە.

٢٤- ڕووە لێکچووەکـان لـە نێوان فیکری عەلی وەردی سۆفیستەکان زۆرن، ئەویش هەروەك سۆفیستەکان باوەڕی وابوو کە وەزیفەی ئەقڵ بریتی نییە لە گەیشتن بەڕاستی وەك ئەوەی ئەقلانییە دێرینەکان لێی تێگەیشتوون، بگرە وەزیفەی ئەقڵ بریتییە لە یارمەتیدانی مرۆڤ لە ململانێی مانەوەدا، چونکە مرۆڤ ئاژەڵێکە بەر لەوەی مرۆڤ بێت.

ئەویش وەك سۆفیستەکان باوەڕی بەسنووری ئەقڵ هەبوو، ئەو زۆر جەختی لەسەر سنوورەکانی ئەقڵ دەکردەوە و پێی وابوو کە نابێت پێمان وابێت، لە توانای ئەقڵدا هەیە ببێتە کلیلی هەموو نهێنییەکان و بتوانێت دەرگە بەرووی هەقیقەتی ڕەهادا والا بکات.

٢٥- تەبایی و لێکچوونێکی زۆر دەبینرێت لە نێوان عەلی وەردی سۆفیستەکاندا، سەبارەت بەهەریەکە لە: چەمکی هەقیقەت و سنوورداری ئەقڵ و دژایەتیکردنی لۆژیکی ئەرستۆتالیسی، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر هەریەکە لەمانەش، دەتوانین عەلی وەردی و سۆفیستەکان لەیەك سەنگەر دابنێین بەرامبەر بەو کەسانەی سەر بەلۆژیکی کۆنن بەدژی سۆفیستەکان بەرگری لە ئەفلاتوون و ئەرستۆ دەکەن.

## سەرچاوەکان


بەزمانی کوردی:

١- یۆستاین گاردەر، جیهانی سۆفیا، و: بەهرۆز حەسەن، دەزگای سەردەم ٢٠٠٣ز.

٢- ڕێبوار سیوەیلی، سۆفیستەکان. دەزگای سەردەم، چاپی دووەم، سلێمانی ٢٠٠٠ز.

٣- ئەفلاتوون، پرۆتاگۆراس و ئایۆن. و: ئاوات ئەحمەد، سلێمانی ٢٠٠٤.

بەزمانی عەرەبی:

١- علي حرب، الماهية والعلاقة نحو منطق تحويلي، الطبعة الاولى ١٩٩٨ بيروت.

٢- د. كحميل الحاج، الموسوعة الميسرة في الفكر الفلسفي والجتماعي، مكتبة لبنان الناشرون، الطبعة الاولى ٢٠٠٠ لبنان.

٣- د. عمر عبدالحي، الفكر السياسي في العصور القديمة. بيروت ٢٠٠٠.

٤- روبنسون وجودى جروفر، اقدم لك الفلسفة/ ترجمة: امام عبدالفتاح امام. المجلس الاعلى للثقافة ٢٠٠١.

٥- د. علي الوردي. مهزلة العقل البشري. الطبعة الاولى ٢٠٠٣، دار كوفان، لندن.

٦- د. علي الوردي. منطق ابن خلدون. الطبعة الثانية ١٩٩٤، دار كوفان، لندن.

٧- د. علي الوردي. في الطبيعة البشرية. تقديم: سعد البزاز، الناشر مؤسسة المحبين. لم يذكر سنة النشر وعدد الطبعة.

٨- د. علي الوردي. الاحلام بين العلم والعقيدة. الطبعة الثانية ١٩٩٤، دار كوفان – لندن.

٩- د. علي الوردي. خوارق اللاشعور، الوراق للنشر، الطبعة الثانية، ١٩٩٦ لندن.

بەزمانی فارسی:

١- بابك احمدى، كتاب ترديد. نشر مركز، چاپ اول ١٣٧٤ تهران.

٢- انتۆنی گاتليب، رؤياى خرد. ترجمه: لى لا سازگار، انتشارات ققنوس، تهران ١٣٨٤.

٣- دريوا. هايلند. بنيادهاى فلسفه. ترجمه: رضوان حدقى نژاد كحتايون فراديور. نشر علم تهران ١٣٨٤.

٤- محمد ضميران. گزار از جهان اسطوره به فلسفه. انتشارات هرمس، چاپ اول ١٣٧٩ تهران.

## پێڕست


سەرەتا ........ ٥
عەلی وەردی لە چەند دێڕێکدا ........ ١٣

**بەشی یەکەم** – سۆفیستەکان
سەرهەڵدانی بزووتنەوەی سۆفیستەکان لە یۆنانی کۆندا ........ ١٥
سۆفیستەکان کێ بوون؟ ........ ٢٣
پرۆتاگۆراس ........ ٢٧
هەقیەت لە ڕوانگەی سۆفیستەکانەوە ........ ٣٤
سەفسەتە، هونەری ڕەوانبێژی ........ ٣٧
ئایا عەلی وەردی سۆفیست بوو؟ ........ ٤١

**بەشی دووەم** – ئەقڵ و میتۆدی ئەقڵانی لە لای عەلی وەردی
هەڵوێستی عەلی وەردی دەربارەی ئەقڵ ........ ٤٧
عەلی وەردی و ڕەخنە لە ئەقڵانییەت ........ ٥٢
لە نێوان میتۆدی ئەقلانی و میتۆدی زانستیدا ........ ٥٦
لۆژیکی کۆن "ئەرستۆتالیسی" ........ ٥٩
ڕووە لێکچووەکان لە نێوان فیکری عەلی وەردی و سۆفیستەکاندا ........ ٦٥
دەرئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ........ ٧١
سەرچاوەکان ........ ٧٩